# بڵێسەی دڵی شێخی عاشقان

**پ. د. سەردار ئەحمەد گەردی**

***پوختە:***
شێخی عاشقان (صافی هیرانی) سێ هۆنراوەی هەیە لەسەر شێوەی چوارین دانراون، هەر سێکیان یەک پاش سەروایان هەیە و لەسەر بنەمای یەک کێش دانراون، ئەم هۆنراوانە کاریگەری زۆریان لەسەر چەند شاعیرێکی کورد هەیە و لەناو شیعرەکانیاندا کاریگەرییەکە بەڕوونی دیارە، ئەم کارلێککردنە دەچێتە خانەی بەرامبەریەکییەوە، لەو شاعیرانەی ئەو کاریگەرییەیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەرە (بێخود، ئەمین شنۆیی، عاصی کۆیی، پاکی، نوور). جگە لەوانە دوو شاعیرمان هەیە (شێخ نووریی و عابد سیراجەدین) کاریگەری ناڕاستەوخۆیان لەسەرە، چونکە کاریگەریەکەیان لە بێخودەوە وەرگرتووە. جێگەی باسە هەر هەموو هۆنراوەکان لەسەر هەمان کێش دانراون، تەنیا هۆنراوەکەی عابد سیراجەدین نەبێت، کە لەسەر بنەمای ژمارەی بڕگە کێشی ڕەنگاوڕەنگ دانراوە و هەمان پاش سەروایان هەیە، شیعرەکەی بێخود هەمان کێش و سەروا و پاش سەروای شیعرەکەی شێخی عاشقانی وەرگرتووە، هۆنراوەکان بەگشتی لە شێوەی چوارینن، ئەوەی شێخ نووری لە شێوەی شەشینە و هۆنراوەکەی پاکی بەشێوەی پێنجین دانراوە.

***پێشەکی:***
لەوکاتەوە، کە مرۆڤ هەست و سۆزی بزواوە کاری تێکراوە و بە دەوروبەرەکەی کاریگەر بووە، دواجار کاری لە دەوروبەرەکەی کردووە و گڕی لە دڵ و دەروونیان بەرداوە و خستونیەتە سەر هەست و سۆزی خۆی، بۆیە هیچ شاعیرێک نییە کاریگەری شاعیرانی تری

لەسـەر نەبێت، دیـارە لە ڕەخـنەی ئەدەبیشـدا ئەوە بە عەیـب ناچێت و کارێکی ئاساییە. (ڤان تیگەم) دەڵێت: (شـێر بەو مەزنیەی خۆی لەچەند ئاسـکێکی هەرسـکراو زیـاترهیچ نیـیە). شـاعیرانیش بەهەمـان شـێوە ئەوەندە شتیان خوێندۆتەوە و لە نەستدا هەڵیان گرتووە، دواجار بەبێ ئاگـایی بەکاریـان هێنـاوە و وادەزانـن هـی خۆیـانە، ڕەخنەگرێکـی بە ئەزمـوون دیوانەکەیـان بگـرێتە دەسـت و هەرچـی هـی خەڵکییە لێیـان وەربگرێتەوە ئەوا هیچیان بۆ نامێنێتەوە. شێخی عاشقانیش زۆر گەڕاوە و زۆر شتی جوان و دەنگی بەسۆزی بینیوە و بیستووە، کاریگەرییان لەسەر جێهێشتووە. شێخی عاشقان (صافی هیرانی) دڵی پڕ لە ئاگری عیشق و چاو بە فرمێسک چون بارانی بەهار، شێت و شەیدای جوانی گوڵ و بۆنی گوڵزار، قاسپەو چریکەی کەوی کۆسار، دڵبریندار بەتیری غەمزەی یاری چاو بەخومار، چاو بەفرمێسک لە بیستنی مەقامات و گەرمی ئەشعار، مەفتوونی سەدای (بازالاشهب) لە دەشت و دەر ناو دێ و شار. شاعیری هەست ناسک و دڵ تەڕ شێت و شەیدای دەنگ و ئاوازی خۆش بووە، شەو و ڕۆژ تەنیا گوتنی هەبایە گەر نانیشی نەبوایە گوێی لێ نەبوو، ناوبانگی هەر گوندێکی باشی بەرگوێ بکەوتایە لە هەر کوێیەک بوایە دەبوایە بیگاتێ و بە فرمێسکی بە خوڕی وەک بارانی دەنگی بەسۆزی کپ بکاتەوە. ئەم شاعیرە دڵ پڕلە سۆزە نەک هەرخۆی کاری تێکراوە، بەڵکو شیعرەکانی بولبولێکی خۆش نەوابوون لە دڵی زۆر شاعیرانی کورد چریکاندویانە و دیوانی شیعرەکانیان بۆ ڕەنگرێژکردوون. شێخی عاشقان سێ هۆنراوەی هەیە، کەهەمان شێوازو هەمان ئاوازو هەمان کێشیان هەیە بەڵام وشە و دەربڕینەکانیان جیان.

هەر سـێ هـۆنراوەکە بەشـێوەی چـوارین هـۆنراونەتەوە و بە پـاش سەروای (دڵی من) کۆتاییان دێت، ئەم هۆنراوانە کاریگەرییان لەسەر زۆرێـک لە شـاعیران کـردووە، تەنـانەت خـودی شـاعیری مەزن (بێخود)یش، کە شیعرێکی بەهەمان شێوە هەیە و لەزۆر شوین خەڵک وادەزانن بێخود یەکەم کەسە ئەو شیعرەی داناوە، بەڵام لە ڕاستیدا بێخـود لە خۆشەویسـتی بـۆ کـاکی هیرانـی و کـاریگەری شـیعرەکە لەسەری ئەم شیعرەی داناوە، نەک تەنیا بێخود بەڵکو زۆر شاعیری تری وەک (عاصی کۆیی) و (نوری) و (ئەمین شنۆیی) و چەندانی تر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بڵێسەی سۆزی شێخی عاشقان و لە ئاوازی ئەو خوێندویانە و دیوانەکانی خۆیان پێ نەخشاندووە، تەنانەت هەندێ شـاعیرهەیە زیـاد لە شـیعرێکیان بە هەمـان شـێوە وتـووە، لەم توێژینەوەیەمانـدا هەوڵ دەدەیـن شـیعری ئەو شـاعیرانە لەگەڵ شـیعرەکەی شـێخی عاشـقان بەرامـبەر بکەیـن لەچەنـد ڕوێـکەوە:- لە ئاسـتی مۆسـیقیەوە، لەڕووی مێـژووییەوە، لەڕووی نـاوەرۆکەوە، لەڕووی ئیسـتاتیکاوە، لە ڕووی دەروونیـیەوە، تـوێژینەوە دەبێـتە ڕوونـکەرەوەیەک بـۆ هەنـدێ لایەنـی شـیعری صـافی هیرانـی و ڕەنگدانەوەی هەمان ئاواز و سۆز لە شیعری شاعیرانی تردا.

**سنوری توێژینەوە**: سێ هۆنراوەی صافی، کە هەمان پاش سەروایان هەیە، ڕوونـدکردنەوەی کـاریگەری ئەو هـۆنراوانە لەسـەر چەنـد شاعیرێکی کورد.

**مێتۆدی توێژینەوە**: لە توێژینەوەکەماندا مێتۆدی تەواومەندییمان پەیڕەو کردووە.

**ئامانجی توێژینەوە:**
ئامـــــانجی تـــــوێژینەوەکە دەرخســـــتنی هەنـــــدێک ڕاســـــتییە، لەوانە ساغکردنەوەی ئەوەی، کە شیعرەکەی صافی هیرانی یەکەم شیعرە، کە نووسـراوە لەپـێش هەمووشـیعرەکان و کـاریگەریی شـێخی عاشـقانە لەسەر ئەو شاعیرانەو ڕەنگدانەوەی لەناوشیعرەکانیاندا.

**ژیانی (صافی هیرانی):**
(کاک مستەفای کوڕی کاک عەوڵای (سانی) کوڕی کاک عەلی کوڕی کاک عەوڵای کوڕی کاک مستەفای کوڕی شێخ سلیمان)(صافی،١٩٦٥، ٣). (صافی بەپێی ناسنامەکەی لە ساڵی ١٨٧٣ز لەگوندی هیران لەدایک بووە، تەنیا خوشکێک و برایەکی هەبووە، سەرەتا لە لای باوکی دەست بە خوێندن دەکـات، دوایـش دەچێـتە نـاو فەقێیـان لە خوێنگـای هیـران) (صـافی، ١٩٥٣، ٧). لەسـەر خوێنـدن بەردەوام دەبێت، لەپاشـان ڕوو لە خوێنـــدگاکانی ئەو دەورو بەرە دەکـــات، مـــاوەیەک لە ڕەوانـــدز و سەردەمێکیش لە هەولێر دەخوێنێ، دوایی دەچێتە شاری کۆیە و دەرس لەلای (مەلائەحمەدی هۆمەر گومبەتی) و لەلای (مەلا ئەحمەدی ڕەش) دەخـوێنێ (صـافی،١٩٥٣، ٧) مـاوەیەکیش لەمزگەوتـی (جـامی) لەلای (مەلاصـادق) دەخـوێنێ. لەدوایـدا دەچێـتە (لاجـان) و مـاوەیەکیش لە (پەسوێ) دەخوێنێ. ئینجا دەچێتە (سابڵاخ) و چەند ساڵێک لە مزگەوتی (شادەروێش) لە لای (قازی عەلی باوکی قازی محەمەد) دەخوێنێ لەو مــاوەیەدا پـلەی زانیـاری خـۆی لە زمـانی عەرەبـی و فارسـی بەرز دەکـاتەوە) (صـافی،١٩٦٥، ٤). لەو مـاوەی خوێندنەیدا دەگـات بە کتێبـی (جمع الجوامع)، کە کتێبێکە لە بابەتی ئصولی دیندا (ابن السبکی) دایناوە، لەقۆناغی کۆتای موستەعیدی دەخوێندرێت، لەو کاتەدا بەفەقێ دەوترێ

(ناسکە موستەعید) لەوێدا واز لە خوێندن دێنێ پێش ئەوەی ئیجازەی مەلایەتی وەربگرێت و دەگەڕێتەوە هیران و خەریکی ڕاوی پەلەوەر و ئاسکە کێویان دەبێت. سەردەمێ بە شیعرەوە خۆی خەریک دەکات، لە (ساڵی ١٩٠٦ ز کەتەمەنی (٣٣) ساڵ بووە باوکی کۆچی دوایی دەکات) (شارەزا،١٩٦١، ٤٢) و لە شوێن باوکی دەبێتە پۆست نشین (صافی) لە زۆربەی شارەکانی کوردستان گەڕاوەو موریدی هەبووە، لەگەڵ شاعیر و مەقامبێژی ئەو شوێنانە پەیوەندی دروست کردووە، چونکە شەیدای گوڵ و گوڵزار و ڕاوەکەو و دەنگ و ئاوازی خۆش و کۆڕی شیعری و غەزەل خوێندنەوە بووە، تاکو لە (٢٥)ی موحەڕەم لەساڵی ١٣٦١ ک، کەدەکاتە ساڵی ١٩٤٢ ز لەتەمەنی (٦٩) ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات.

کاک عەبدولقادری کوڕی دەڵێت:-

**شەوی چوارشەم لە (ک و ە) ی موحەڕەم**
**وەفاتی کرد لە بەرواری (شکاغەم).**

کاک عەبدولکەریمی کوڕیشی دەڵێت:-

**شەوی چوار شەم موحەڕەم (هێ و کافی)**
**لە (ئەشکی غەم) بەجەنەت شاد بوو صافی.**

هەردوو دێڕەکە دەکاتە ٢٥- موحەڕەم – ١٣٦١ ک.

**صافی و کۆیە:**

صافی لە کۆیەش تەکیە و موریدی هەبووە (کاکەی شێخ صالح)ی، کە زاوای صافی بوو، لەپشتیشەوە خزمی بوو سەرپەرشتی تەکیەکەی دەکرد، کاک مستەفا گەلێ موریدی دڵسۆزی لەکۆیە هەبوو لەوانە (مەلا ڕەسولی بێتووشی و حاجی صالحی کەبابچی) دۆستی هەبووە، لەوانە (مەلای گەورە، حوسەینی، مەلا ئەحمەدی مام سلێمان، عەونی شاعیر)

و گەلێکی تر. جگە لەوە صافی خزمایەتی لەگەڵ کۆییەکان هەبووە، چونکە دوو ژنی لەکۆیە هێناوە، لەبەرئەوە زۆر سەردانی کۆیەی دەکرد و هەردەم دەروێشە دەنگ خۆشەکانی و دەفژەنی تایبەتی لەگەڵ خۆی بووە، کۆڕی مەقاماتیان گەرم کردووە، دەنگی گۆرانی و مۆسیقا غەم و پەژارەی صافی وەلاناوەو شادی و بەختیاری پێ بەخشیوە. شاری کۆیە، کە بە مەقامات و گۆرانی بێژی دەنگ خۆش بەناوبانگە، مەقام بێژەکان بەشداری کۆڕی غەزەلخوانی (صافی)یان کردووە، لەوانە (مەلا ئەسعەدە کۆر، سێوە، کاک نەجمەدینی کوڕی شێخ عەبدولکەریم) و گەلێکی تر.

**مێژووی دانانی هۆنراوەکان:**

دیارە هۆنراوەکانی شێخی عاشقانیش وەکو هۆنراوەی تری شاعیرانی کورد مێژووەکەیان دیار نییە، بەڵام هەوڵدەدەین مێژووەکەیان نزیک بکەینەوە.

(سید انور سید ئەحمەد شێخ عەبدول کەریم) دەڵێت: ((هەرجارەی صافی بهاتایە کۆیە کۆڕی مەقامات ساز دەکرا، ئەوەتا لەکاتی ئیجازە وەرگرتنی مەلا عەزیزی کوڕی صافی ئاهەنگێکی گەورەی مەقامات لە مزگەوتی مەلا ئەسعەد سازدەکەن، مەلای گەورە ئیجازەکەی پێدا، خەڵکێکی زۆر ئامادەببوون، دوای تەواوبوونی مەراسیمەکە کاک ڕووی لەمن کردو وتی ((ئەنوەر غەزەلێکی فارسیمان بۆ بخوێنە) منیش بۆی هەڵسام بەغەزەلێکی مەولانا خالد کە لەسەر ئاوازی سێگا دەووتری)):

گرچی اسبابی طرب پیش من اکنن  نە کمست
شادیم بی گلی روی تو همە درد غمست

کاک مستەفا فرمێسک لە چاوانیا هاتەخوارەوە، کۆڕەکە گەرم بوو غەزەل لە دوای غەزەل، غەزەلێکی ترم خوێندەوە، کە هی کاک مستەفا خۆیەتی:

جانا لەفیراقی تۆپەشێواوە دڵی من
پەروانەی شەمعی تووە سووتاوە دڵی من
سەرتا بەقەدەم غەرقەی خوێناوە دڵی من
وەحشی سفەتە بەستەی نێوداوە دڵی من

هەر لەوێشدا شیعرێکی زێوەریشم خوێند، کە مەلا ڕاجی کردبووی بە پێنج خشتەکیی شیعرەکەی زێوەر:-

جەژنی ڕەمەزانە هاتەوە ئەیامی سرووره
هەر جێگەیێ سەیرئەکەم مەجمەعی نووره

لەو ماوەیەدا کاک مستەفا بە بەردەوامی دەگریا بۆیە مەلا عەزیز و مەلاکاکە دەستیان بڵند کرد گوتیان: بەسە باچیتر نەگریێ بەم جۆرە کۆڕەکە تەواوبوو، کە لەساڵی ١٣٥٦ک سازکرا. (حسن،١٩٩٣،٣٣).

بە پێی ئیجازەی مەلا عەزیزی کوڕی کاک مستەفای هیرانی، کە واژووی (مەلا محەمەدی کۆیە، مەلای گەورەی لەسەرە، لەساڵی ١٩٣٧ز لەکۆیی وەرگیراوە، ئیجازەکە لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر هەڵگیراوە).

_اجازه العلمية للملا عزيز كاك مصطفى الهيرانى، من قبل العلامه ملا محمد كويى، كويسنجاق،١٩٣٧

کەواتە هۆنراوەکە لە پێش ئەو ڕێکەوتە هەبووە، لەوانەشە زۆر پێشی ئەو کاتە بێت چونکە بووتە وێردی سەرزمانی مەقامبێژەکان. حاجی

(عەبدوڵای دەفژەن) بە دەنگە خۆشـەکەی دەیلێت و بەو سۆزە شێخی عاشقان وێڵ و حەیران دەکات و دەڵێت:

جانا لە فیراقی تۆ پەشێواوە دڵی من (١)
پەروانەیی شەمعی تووە سووتاوە دڵی من
سەرتا بەقەدەم غەرقەیی خوێناوە دڵی من
وەحشی سیفەت بەستەیی نێو داوە دڵی من
دڵ ئەلبیسەی خوێنی هەموودەم کەلەبەردا
دەیزانی فەلەک کینەیی وی ماوە لەسەردا
چەند عاشقی کوشتوونەو خوێنی بەهەدەردا
لەم تالعە بەرگەشتەیە چۆن ماوە دڵی من
دائیم لە دەست دەوری زەمانە بە جەفایە
پەیوەستە بە جەورو ئەلەم و دوردو بەڵایە
بۆعاشقی بێ چارەیە ئەو عادەتە وایە
بۆیێ کە لە گۆشەی غەمە داماوە دڵی من
تابوری بەڵا وا لە دوولا هاتووە یاران
بۆ قەتلی سەری عاشق و مسکین و هەژاران
مەعلومە کە دەرناچێ لەبەر تیری سواران
سەد دەفعە لەئەم قازەخەیان داوە دڵی من
سەرقافڵەچی دەستی منت دانەتە قوربان
ماژۆبەعەجەل مەحمەلی لەیلا بەهەمووئان
مەجنون سیفەتان ماون و لەم ڕێگە پەرێشان
بێ چارە لەیارانی بەجێ ماوە دڵی من
دائیم لە هەوای تۆ گەلێ حاڵی پەشێوە
هەردەم لەجەفای تووا واکەوتووە جێوە

ئەم قوڕبەسەرە ڕۆحی گەیشتە سەری لێوە
دەرمانی بکە تاکو نەفەوتاوە دڵی من
ئەی بادی سەبا قاسیدی جانانی ڕوح ئەفزا
نامەی غەم و دەرد و ئەلەمم بۆ بەرە بەغدا
تا چەند لە ئەم محنەتە دابێ سەگی دەرگا
موددێکە وەکو (صافی) کە شێواوە دڵی من

**ئاستی مۆسیقی: مۆسیقای دەرەوە:**

**کێش:**

صافی هیرانی گشت هۆنراوەکانی لەسەر بنەمای کێشی چەندی دارِشتووە و کێشی هەزەج و ڕەمەل و موزاریعی بەکارهێناوە. سەرەڕای ئەوانە لە هەندێ هۆنراوەدا دوو کێشی تێکەڵ کردووە ئەمەش بۆ دەست ڕەنگینی و توانای مۆسیقی شاعیر دەگەڕێتەوە چونکە ئەم جۆرە بەکارهێنانەی کێش بەشێوازی تێکەڵکردن تەنیا لە لای چەند شاعیرێکی کورد بەدی دەکرێت. لەم هۆنراوەیەدا شاعیر کێشی چەندی بەکارهێناوە و شیعرەکە لەسەر کێشی دەریای هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووفە.

جا/ نا/ لە/ فی/ را/ قی/ تو/ پە/ شێ/ وا/ وە/ د/ ڵی/ من
– – ب ب – – ب ب – – ب ب – –
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
پەر/ وا/ نە/ یی/ شەم/ عی/ تو/ وە/ سوو/ تا/ وە/ د/ ڵی/ من
– – ب ب – – ب ب – – ب ب – –
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

حاجی (عەبدوڵای دەفژەن) بە دەنگە خۆشەکەی دەیڵێت و بەو سۆزە شێخی عاشقان وێڵ و حەیران دەکات.

**سەروا:**

هۆنراوەکە لە حەوت چوارین پێکهاتووە سەرواکەی بەم شێوەی خوارەوەیە هەمووچوارینێک بە (دڵی من) کۆتایی هاتووە:

**پاش سەروا:** دڵی من

١- وشەی سەروا (پەشێواوە، سووتاوە، خوێناوە،داوە) سەروا: (اوە) AAAA

٢- وشەی سەروا (لەبەردا/ لەسەردا/ بەهەدەردا/ ماوە) سەروا: (ە ردا – اوە) BBBA

٣- وشەی سەروا (جەفایە/ بەڵایە/ وایە/ داماوە) سەروا: (ایە – اوە) CCCA

٤- وشەی سەروا (یاران/ هەژاران / سواران/ داوە) سەروا: (اران – اوە) DDDA

٥- وشەی سەروا (قوربان/ هەمووتان/ پەریشان/ ماوە) سەروا: (ان – اوە) EEEA

٦- وشەی سەروا (پەشێوە/ جێوە/ لێوە/ نەفەوتاوە) سەروا: (ێوە – اوە) FFFA

٧- وشەی سەروا (ڕوح ئەفزا/ بەغدا – دەرگا – شێواوە) سەروا: (ا – اوە) GGGA

**مۆسیقای ناوەوە (ڕیتم):**

**دووبارەکردنەوە: دووبارەکردنەوەی دەنگ:**

(ا – ٧٤) (ی – ٦٤) (و – ٤٦) (د – ٤٤) (م – ٤٣) (ن – ٤٣) (ل – ٢٣)
(ت– ٢٢) (ر – ٢٢) (ب –٢٠) (س – ٢٠) (ڵ– ١٥) (ش – ١٠) (ق – ١٠)

**ئەمانە دەنگە زاڵەکانی بنیاتی هۆنراوەکەن:**

**دووبارکردنەوەی ئامراز:**

(لە – ٧) (بە – ٥) (کە – ٣) (ئەم – ٣) (بۆ – ٢) (لەم – ٢).

**دووبارەکردنەوەی وشە:**

(بەڵا–٢) (سیفەت– ٢) (خوێن– ٤) (غەم– ٣) (عاشق– ٣) (پەرێشان–٢) (سەری– ٢) (ڕوح – ٣) (جانان– ٢) (جەفا–٤) (ئەلەم–٢) (دەرد– ٢) (پەشێو–٢).

**تەناسوب:** لەنێوان (وەحشییە – وەحشەتە)، (سەوداسەر – دێوانە – حەیرانە)، (خانە – خەرابە)، (قە – قامەت) ، (موئنیس – یاوەر) ، (زار– نەزار) ، (ڕەحم – وەفا) تەناسوب هەیە.

**ڕەگەزدۆزی:** لەنێوان (دەم – کەم – کەم) ڕەگەزدۆزی جودا و، لە نێوان (یار – دیار) ڕەگەزدۆزی زیاد هەیە.

**دژیەک:** لەنێوان (زۆر – کەم) و (یار– ئەغیار) و (یار–ئەغیار) دژیەکی ئیجاب هەیە. لەنێوان (بێ وەفا – وەفادار) دژیەکی سەلب هەیە.

هۆنراوەی دووەم، کە لە حەوت چوارین پێکدێت و پاش سەروای (دڵی من) ی هەڵگرتووە، بەم چوارینە دەست پێدەکات.

مووددێکە لەهیجرانی تۆ شێواوە دڵی من
سەرگەشتە و بێچارەو ڕیسوایە دڵی من
پەیوەستە لە کێوان و لەسەحرایە دڵی من
مەجنون سیفەت مائیلی لەیلایە دڵی من

بەم چوارینە کۆتایی دێت:

بێ ڕەحم و وەفایی بەسە ئەی یاری وەفادار
شەیدایی هەوایی تووە ئەو (صافی)ی بیمار

پابەندی دووسەد غەم بووە لەو لۆمەی ئەغیار
جێ ی چارەسەری دەرگەیی بەغدایە دڵی من

**ئاستی مۆسیقی: مۆسیقای دەرەوە:**

**کێش:**

ئەم هۆنراوەیەش بەهەمان شێوەی هۆنراوەکەی پێشوو لەسەر بنەمای کێشی چەندی دەریای هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف هۆنراوەتەوە

مود/ دێ/ کە/ لە/ هیج/ را/ نی/ تو/ وە/ شێ/ وا/ وە/ د/ ڵی/ من
– – ب ب – ب ب – ب – ب – ب – –
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
– – ب ب – ب ب – – ب – – ب – –
سەر/ گەش/ تە/ و/ بێ/ چا/ رە/ و/ ڕبس/ وا/ یە/ د/ ڵی/ من
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

**سەروا:**

هۆنراوەکە لەسەر شێوەی چوارین نووسراوە هۆنراوەکە سەروایەکی هەیە، چوارینەکانیش هەریەکەیان سێ دێڕی یەکەمی سەروای تایبەتی خۆیان هەیە و دێڕی چوارەم سەروای هۆنراوەکەی وەرگرتووە.

**پاش سەروا** (دڵی من)

وشەی سەروا (شێواوە – ڕیسوایە – سەحرایە – لەیلایە) سەروا: (ایە) AAAA
(ڕام – دام – ئەنجام – پەیدایە) سەروا: (ام – ایە) BBBA
(دەم – غەم – کەم – غەوغایە) سەروا: (ام –ایە) CCCA
(خەرابە – کەبابە – سەوابە – داماوە (دامایە) سەروا: (ابە – ایە) DDDA
(دێوانەیی – دەرگانەیی – پەروانەیی – ڕەعنایە) سەروا: (انەیی – ایە) EEEA

(دیارە – نەزارە – هەژارە – مەولایە) سەروا: (ارە - ایە) FFFA
(وەفادار– بیمار– ئەغیار – بەغدایە) سەروا: (ار– ایە) GGGA

**مۆسیقای ناوەوە (ڕیتم): دووبارەکردنەوە:**

**دووبارەکردنەوەی دەنگ:**

(ی - ٩٣) (ا - ٦٩) (و– ٤٩) (م - ٤٤) (ر - ٤١) (د - ٣٩) (ن - ٣٦) (ب - ٢٩) (ت– ١٩) (س– ١٩) (ێ —– ١٩) (ک - ١٤) (ش -١٣) (ڵ - ١٢) (ف - ١١) (ۆ– ٩)

ئەمانە ئەو دەنگە زاڵانەن کە بەهۆی دووبارە بوونەوە ڕیتمی هۆنراوەکەیان دروست کردووە.

**دووبارەبوونەوەی ئامراز:**

(لە —– ٩) (بی – ٤) (کە – ٢) (بەو – ٢) (ئەم —– ٢)

**دووبارە بوونەوەی وشە:**

(شۆڕش —– ٢) (دێوانە – ٢) (یار—– ٣) (بیمار – ٢)

**دووبارەبوونەوەی ڕستە:** (دڵی من – ١١)

**تەناسوب:** لەنێوان (وەحشییە – وەحشەتە) و (سەوداسەر – دێوانە – حەیرانە) و (خانە – خەرابە) و(قە – قامەت) و (موئنیس – یاوەر) و (زار– نەزار) و (ڕەحم – وەفا) تەناسوب هەیە.

**ڕەگەزدۆزی:**

لەنێوان (دەم – کەم – کەم) ڕەگەزدۆزی جودا هەیە، لەنێوان (یار – دیار) ڕەگەزدۆزی زیاد هەیە.

**دژیەک:** لەنێوان (زۆر – کەم) و (یار– ئەغیار) و (یار–ئەغیار) دژیەکی ئیجاب هەیە. لەنێوان (بێ وەفا – وەفادار) دژیەکی سەلب هەیە.

ڕیتمی هۆنراوەکە بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای دووبارەکردنەوە بنیات نراوە، بە پلەی دووەم تەناسوب، بە پلەی سێیەم دژیەک دێت و پلەی چوارەمیش ڕەگەزدۆزی ناتەواو.

**تێبینی:** شاعیر لە هەندێ شوێن لەبری (لە) (لەو) بەکاردێنێت.
هۆنراوەی سێیەمی (صافی)، کە پاش سەروای (دڵی من)ی هەڵگرتووە، لە حەوت چوارین پێکدێت و بەم چوارینە دەست پێدەکات:-

جانا لە غەمت والەوو حەیرانە دڵی من
سەرگەشتە وەکو وەحشی لەکێوانەدڵی من
دائیم لەدەرو دەشت و بیابانە دڵی من
موشتاقی ویساڵی ڕوخی جانانە دڵی من

بەم چوارینە کۆتایی دێت

عەبدێکی وەفادارو جەفاکێشە لە هیجران
واکەوتووە وەک (صافی) لەدەرگانەی گەیلان
بەم دەردە سەرە کوشتنی لازم نییە قوربان
لەو جێژنەی قوربانە کە قوربانە دڵی من

**ئاستی مۆسیقی: مۆسیقای دەرەوە:**

**کێش:**

شاعیر لەم هۆنراوەیەشدا هەمان کێشی دوو شیعرەکەی تری بەکارهێناوە، کە کێشی (چەندی – دەریای هەزەجی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوفە)

جا/ نا/ لە/ غە/ مت/ وا/ لە/ وو/ حەی/ را/ نە/ د/ ڵی/ من

– – ب ب – – ب ب – – ب – – ب – –

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

سەر/ گەش/ تە/ وە/ کو/ وەح/ شی/ لە/ کێ/ وا/ نە/ د/ ڵی/ من

– – ب ب – – ب ب – – ب ب – ب ب – –

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

**سەروا:**

**پاش سەروا:** دڵی من

١- وشەی سەروا: (حەیرانە – کێوانە – بیابانە - جانانە) سەروا: انە AAAA

٢-پاش سەروا: کرد

وشەی سەروا: (سیا-تەوەلا-کلیسا- سەنعانە) سەروا: (ا- انە) BBBA

٣- پاش سەروا: تۆ

وشەی سەروا (غەمی-دەمی- قەدەمی- پەرێشانە) سەروا (ەمی –انە) CCCA

٤- وشەی سەروا (چراغە- داغە- ساغە- لوقمان) سەروا (اغە- انە) DDDA

٥- وشەی سەروا (دیارە- هەزارە- چارە – قوماندانە) سەروا (ارە- انە) EEEA

٦- وشەی سەروا (لێوی–نەبزێوی–سێوی- غەزەلخوانە) سەروا (ێوی –انە) FFFA

٧- وشەی سەروا(هیجران–گەیلان–قوربان – قوربانە) سەروا (ان - انە) GGGA

**مۆسیقای ناوەوە (ڕیتم): دووبارەکردنەوە:**

**دووبارەکردنەوەی دەنگ:**

(ی – ٧٦) (و– ٥٣) (ا – ٥١) (ن– ٥٠) (م – ٣٦) (ل –٣٥) (د –٣٤) (ر– ٣٠) (ت– ٢٤) (ب– ١٩) (ک – ١٨) (س – ١٧) (ڵ –١٤) (ق –١٢) (ش – ١١) (غ – ١١).

**دووبارەکردنەوەی ئامراز:** (لە –١١) (وەک – ٣).

**دووبارەکردنەوەی وشە:** قوربانە – ٢ وەفا – ٢ زولف —— ٢

**دووبارە کردنەوەی ڕستە:** دڵی من –١١

**تەناسوب:** لەنێوان: (موشتاق ویساڵ)، (دەشت- بیابان) ،(سووتاو – چراغ)دا، (بیمار–نەساغ) تەناسوب/ جەختکردن هەیە.

**ڕەگەزدۆزی:**

لەنێوان (سیا – سیا) ڕەگەزدۆزی تەواوهەیە، لەنێوان (غەمی– دەمی) ڕەگەزدۆزی ناتەواو هەیە لەجۆری جودا. لەنێوان (دەمی– قەدەمی) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد هەیە. لەنێوان (داغە – ساغە) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا هەیە. لەنێوان (لێوی – سێوی) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا هەیە. لەنێوان (قوربان – قوربانە) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا هەیە.

کەواتە ڕیتمی هۆنراوەکە بەپلەی یەکەم لەسەر بنەمای دووبارە کردنەوە بنیات نراوە. بە پلەی دووەم هونەری ڕەگەزدۆزی و بە پلەی سێیەم تەناسوب دێت.

**ئاستی واتا:**

شێخی عاشقان لە هەر سێ هۆنراوەکەیدا دڵی شێت و شەیداو وێڵ و سەر گەردانە بە دوای یاردا وێل و حەیرانە و ئاهی سینە و فرمێسکی چاوان هەڵدەڕێژێت.

(صافی لەم قەسیدانەدا وێنەی فرمێسک و زاراوەی ماتەم و لێکسیکۆنی ماتەمنامەی کلاسیکی بەکارهێناوە، هەوڵیداوە بە بۆیاغێکی تەنکی سۆفیزم ڕەنگڕێژی بکا. تا ئێستا نەزانراوە ئەو کەسەی صافی ئەو ڕێزە شیعرەی بۆداناوە و شیوەنی بۆ دەکا کێیە؟ ڕەنگە هەرلەبنەڕەتدا هیچ ڕووی نەدابێ و بۆ کەسیش نەوترابێ بەڵکو شاعیر بەخەیاڵ دروستی کردبێ و لاسایی بێخودی کردبێتەوە، کەی قەسیدەکەی بێخود بۆ مردنی کەسێکی دیاریکراو وتراوە) (خەزنەدار،٢٠٠٥، ٣٣٩). لە ڕاستیدا صافی لاسایی بێخودی نەکردۆتەوە بەڵکو بێخود بەکاریگەری صافی ئەم شیعرەی داناوە کە دواجار ڕوونی دەکەینەوە، (صافی) شیوەن ناکات بەڵکو لە عەشقی خۆشەویستەکەیەتی، کە وا ناڵەو فوغانیەتی،

خۆشەویستیش لە هەر سێ هۆنراوەکەدا ئاشکرا و ڕوونە، شیعرەکان لە خۆشەویستی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) ووتراون، ئەوەتا لە هۆنراوەی یەکەمدا دەڵێت:-

ئەی بادی سەبا قاسیدی جانانی ڕوح ئەفزا
نامەی غەم و دەرد و ئەلەمم بۆ بەرە بەغدا
تا چەند لە ئەم محنەتە دابێ سەگی دەرگا
موددێکە وەکو (صافی)،کە شێواوە دڵی من

لەبای سەبا دەپاڕێتەوە، کە ئەودەردو جەفاو میحنەتەی، کە تیایا دەتلێتەوە بگەیەنێتە شاری بەغدا، کە گلکۆی گەیلانی تیایە، لەهۆنراوەی دووەمیشدا لەچوارینێکدا دەڵێت:-

بێ ڕەحم ووەفایی بەسە ئەی یاری وەفادار
شەیدایی هەوایی تووە ئەو (صافی) ی بیمار
پابەندی دووسەد غەم بووە لەو لۆمەی ئەغیار
جێ ی چارەسەری دەرگەیی بەغدایە دڵی من

لێرەدا زۆر بە ڕوونی دەیخاتە ڕوو، کە چارەسەری دڵی سووتاو و پڕلە ژانی لەدەرگای گەیلانییە کە لەبەغدایە، بۆیە داوای لێ دەکات کە وەفادار بێت چونکە (صافی) شەیدای عشقی ئەوە و چارەسەریشی تەنیا لای ئەوە، لە هۆنراوەی سێیەمدا بەئاشکرایی ناوی یار دێنێت، کە گەیلانییە و دەڵێت:-

عەبدێکی وەفادار و جەفاکێشە لە هیجران
واکەوتووە وەک (صافی) لە دەرگانەی گەیلان
بەم دەردەسەرە کوشتنی لازم نییە قوربان
لەو جێژنەی قوربانە کە قوربانە دڵی من

داوا دەکات یار وەفای لەگەڵدا بکات و لەوە زیاتر جەفای نەدات، ئەو کە لەدەرگـــای گەیلانـــی کەوتـــووە پێویســـت ناکـــات ڕووی نەداتـــێ و بەم دەردەسەریە بیکوژێت، چونکە ئەو لەو جەژنی قوربانە خۆی کردووە بەقوربـــانی، هۆنراوەکـــان هەرســـێک دەکەونە خـــانەی تەســـەوفەوە و لە خۆشەویستی گەیلانی وتراون.

**بێخود:**

(بێخود) ناوی (محمود)ە، کوڕی مفتی حاجی مەلا ئەمینی کوڕی مفتی گەورە حـــاجی مەلا ئەحـــمەدی چاومـــارە. بیخـــود لە ١٢٩٦ ی هیجـــری هـــاتۆتە دونیـــاوە و لەلای زانایـــانی نـــاوداری ئەو ســـەردەمەی ســـلێمانی خوێندنی تەواو کردووە، لەساڵی ١٩٠٠ز کراوە بەحاکمی هەڵەبجە، چەند ساڵێک لە هەڵەبجە بووە دواجار گەڕاوەتەوە سلێمانی و دەبێتە مفتی سلێمانی و تامردنی بەردەوام دەبێت و لەپاش نیوەڕۆی ٢٥-٨- ١٩٥٥ز کۆچی دوایی کردووە (موفتی،١٩٧٠).

شـــیعری چوارینەبەنـــدی (لەو ڕۆژەوە ڕۆیشـــتووە) لەنێوەنـــدی ئەدەبیـــدا بەناوبانـــگ و دڵگیـــرە، بێخـــود لەم شـــیعرەدا برازایەکـــی دەلاوێنێـــتەوە لەڕوباری دیجلە لەبەغدا خنکاوە، سەرەتا بەم چوارینە دەست پێ دەکا) (خەزنەدار،٢٠٠٦، ٨٠).

**ئاستی مۆسیقی: مۆسیقای دەرەوە:**

**کێش:** لەم هۆنراوەیەدا شـــاعیر کێشـــی چەنـــدی بەکارهێنـــاوە و شـــیعرەکە لەســـەر کێشـــی دەریـــای هەزەجـــی هەشـــت هەنگـــاوی ئەخرەبـــی مەکفـــووفی مەحزوفە..

لەو/ ڕۆ/ ژە/ وە/ ڕۆ/ یش/ تو/ وە/ تۆ/ را/ وە/ د/ ڵی/ من

- - ب  ب - - ب  ب - - ب  ب - -

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

هەر/ چەند/ ئە/ گە/ ڕێم/ سە/ رو/ شوێن/ ما/ وە/ د/ ڵی/ من

– – ب ب – – ب ب – – ب ب – –

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

**سەروا:**

**- پاش سەروا:** دڵی من

وشـــەی ســـەروا (تـــۆراوە-مـــاوە- گیرســـاوە- ســـوتاوە) ســـەروا (اوە) AAAA

٢-پاش سەروا: یاڕەب

وشـەی سـەروا (نەدیمـی– قەدیمـی – یەتیمـی – خنکـاوە) سـەروا (یمـی – اوە BBBA

٣-پاش سەروا (ئاخۆ)

وشەی سەروا (لەیلایەکە – عەزرایەکە – صەحراییێکە – ترسـاوە) سـەروا (ایەکە – اوە CCCA

تێبینـی (صــەحراییێکە – صــەحرایەکە) لەوانەیە هەڵە چـاپ بێـت بەم شـێوەیە سەرواکەی تەواودەبێت.

٤- وشەی سەروا (خاڵی – جەمالی حاڵی –باوە) سەروا (اڵی –اوە) DDDA

٥-پاش سەروا (کێ بێ)

وشەی سەروا (یاوەری، سەری، خەنجەری، کوژاوە) سەروا (ەری – اوە) EEEA

٦-وشـــەی ســـەروا (بـــاران، شـــاران، یـــاران، لاوە) ســـەروا (اران، اوە) FFFA

٧-وشەی سەروا (دڕاوی– کراوی– ئاوی– خوێناوە) سەروا (اوی، اوە) GGGA

٨- وشەی سەروا(دەردم – زەردم – سەردم – ئالاوە) سەروا (ەردم – اوە) HHHA

٩-وشەی سەروا (کینهە – دینە – مەدینە – فەوتاوە) سەروا (ینە –اوە) IIIA

١٠-پاش سەروا (بێ)

وشەی سەروا(نەبی– عەرەبی–نەسەبی– جنراوە)سەروا (ەبی – اوە) JJJA

١١- پاش سەروا (ئەو – دڵی من)

وشەی سەروا (فیدای – گەدای – تەمای – داناوە) سەروا (اغی –اوە) KKKA

**مۆسیقای ناوەوە:**

**ڕیتم: دووبارەکردنەوە: دووبارەکردنەوەی دەنگ:**

(أ— ٩٦) (و- ٨٣) (ی- ٨١) (ن- ٦٧) (ب- ٥٢) (م - ٥٢) (ڵ — ٥٢) (د- ٤٤)
(ک- ٣٢) (ێ-٣٢) (س -٢٤) (ش-٢٣) (ت-٢١) (خ-٢٠) _ئ—٢١) ١(چ—١٩).
(لە- ١٤) (بە -٥) (کە - ٢) (وەکو – ٢) (یا — ٢) (چ — ٥)

**دووبارەبوونەوەی ئامراز:** (دڵی من – ١٤).

**ڕەگەزدۆزی:** (شاخێکەوە – داخێکەوە) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا.
(دەردم – زەردم – سەردم) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا هەیە. (دینە – مەدینە – کینە) ڕەگەزدۆزی ناتەواو لەجۆری زیاد.
(نەدیمی – قەدیمی) ، (خاڵی – حاڵی) ، (ماوە-لاوە) ، (یاران – شاران – باران) ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جودا.

**دژیەک:** (گەرم – سەرد) (شەو – ڕۆژ) (بێگانە - یار) دژیەکی ئیجاب.
(فەوتاوە – نەفەوتاوە) (دژیەکی سەلب).

**تەناسوب:** لەنێوان (سەرو شوێن)، (هەمدەم – غەمخوار – نەدیم)، (پووش و پەڵاش)، (کەژو کێو)، (خەو- خواردن – ئاو)، (غەم – بێداری)دا تەناسوب هەیە.

**ئاستی واتا:**

ئەو هۆنراوەیەی (بێخود)، کە بە کاریگەری هۆنراوەکانی (صافی) دانراون بەڵام لە ناوەرۆکدا بەڕونی دەردەکەوێت، کە شیعرەکە بۆ کەسێکی خنکاو دانەنراوە چونکە ئەو دڵە ئەو جارێک وێڵی دەشت و بیابان، جارێک بەکێوێک گیرساوەتەوە، جارێک لەنێو چ دەریایەکە، لەدووچوارێندا بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە دڵی شاعیر لە عشقی پێغەمبەر (د.خ) بەرەو شاری مەدینە فڕیوە، ئینجا خۆی قوربانی

پێغەمبەر دەکات و خۆی دەکاتە سەگی بەردەرگای ئەو، لەعشقی ئەودا تلاوەتەوەو جگەری بە ئەبرۆی ئەو بۆتە دوولەت.

ئەو سینە لەغەش خاڵی یە، ئەو بێ ڕق و کینە
ئەو خادیمی شەرعی نەبەوی و میللەت و دینە
مەعلووم چووە بۆ خزمەتی سالاری مەدینە
وام زانی کە فەوتاوە نەفەوتاوە دڵی من
قوربانی کەسێ بم کە بەقوربانی نەبی بێ
وەک بەندە سەگی دەرگەهی شاهی عەرەبی بێ
شاهی عەرەبی یەعنی قورەیشی نەسەبی بێ
جەرگی بەدوو ئەبرۆی ئەوە جنراوە دڵی من

**صافی و بێخود:**

شێخی عاشقان و بێخود دوو شاعیری لە یەکتر نزیک بوون بە هۆی ئەو ڕێزو خۆشەویستییەی، کە لە نێوانیاندا هەبووە (صافی سێ قەسیدەی چوارینی هەیە هەریەکەیان لەحەوت بەند (کۆپلە) پێکهاتووە، بەکێش و قافیە و پاش قافیەوە لە قەسیدە بەناو بانگەکەی بێخود دەکەن (لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من). بێ گومان ئەم دوو شاعیرە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ژیاون و ئاگایان لەیەکتری بووە و یەکتریشیان ناسیوە لەبارەی کارلێکردنی یەکێکیان لەئەوی دیکە، یا کامەیان قەسیدەکەی پێش ئەویتر وتووە، ئەمەیان ئاشکرا نییە، هەرچۆنێ بێ ئەم ڕێزە پڕ لە ئاهەنگ و سۆزی ونبوون و لێک دابڕان و دوورکەوتنەوە دیوانی شیعری کوردیان ڕەنگین کردووە) (خەزنەدار،٢٠٠٥، ٣٣٧).

لەڕاستیدا کێش و قافیەو پاش سەروای هۆنراوەکەی بێخود لە هۆنراوەکەی (صافی) دەکات. چونکە

لە ساڵی ١٩٣٧ز (مەلامەحمودی بێخود) هاتە شاری کۆیە بۆ سەردانی (سەید هادی عەبدولقادر)ی مەئموری ئەوقاف، کە (شەمسەخان)ی خوشکی بێخود خێزانی بوو، هەندەی پێنەچوو (کاک مستەفای هیران)ی هاتە کۆیە و میوانی ماڵی (مەلائەحمەدی مام سلێمانی غەفوری) بوو، کە ئەوسا مدیری بەلەدیە بوو، هەردوو شاعیر بەدیتنی یەک بۆ یەکەمجار بەیەکتر شاد بوون ڕێککەوتن، کە ئاهەنگێکی شیعرو غەزەل خوێندنەوە ساز بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش (عبد جاسم)یان هەڵبژارد و دوو ئەرکیان خستە ئەستۆی، یەکەم ئاهەنگەکە بەڕێوە ببات چونکە شارەزاییەکی باشی لە مەقامات هەبوو. دووەم هەموو ئێواران پاش نوێژی عیشا بچێ (سێوە) بێنێ، کە ئاهەنگەکە تەواو بوو بیباتەوە ماڵەوە چونکە سێوە بەشەو دەترسا. ئاهەنگەکە لەباخچەی (مەلاحەوێز ئاغا) سازکراو بیست شەو بەردەوام بوو، تەنیا شیعر خوێندنەوەو مەقامات بوو، شاعیر و مەقام بێژەکانی کۆیە هەموو بەشداریان لەو ئاهەنگەدا کرد، دیارە صافی جگە لەوەی شاعیر بووە شارەزاییەکی تەواویشی لە مەقامات هەبووە، دەتوانین بڵێین ئوستادی مەقامات بووە، بۆیە شیعرەکانی ئاهەنگ لەناویا تواوەتەوە، هەرلەبەر ئەوەشە زۆربەی شیعرەکانی کراوە بە گۆرانی و مەقام بێژان ئاهەنگەکانیان پێ ڕازاندۆتەوە، ئەمەش بۆتە هۆکارێکی سەرەکی بڵاوبوونەوەی شیعرەکانی و کاریگەری لەسەر شاعیرانی ترولەیەکێ لەشەوەکان بێخود ئەم شیعرەی خوێندەوە)(عبدجاسم،١٩٩٢ /٨/٣١).

مەڵێ ئەی (نازەنین) بۆشاری (کۆیی) کاکی (ئیران) هات
بفەرمو عەسکەری لەشکر شکێنی شاهی گەیلان هات
مەڵێ عەسکەر، بڵێ سەرعەسکەری سوڵتانی دین یەعنی
غولامی شاهڕاهی بارەگاهی قوطبی یەزدان هات

چی یا ڕەب کە ناوی (کاک) ئەبەن  ظاهیر دەبێ شەوقم
دەڵێ بۆ ژەڕەییێکی بێ نەوا خورشیدی ڕەخشان هات
دەمێ بوو(صافی) یانادیدە دڵ بوو بوو بە پەروانەت
بەکامی خۆی گەیشت بیستی کەوا شەمعی شەبوستانە هات
دەمێ چاوەڕێی  مژدەی  قودوومی ئێوە بوو (بێخود)
خودا کردی نەسیمی پیرەهەن بۆ پیری کەنعان هات.

دیـارە صـافی جـگە لەوەی شـاعیر بـووە شـارەزاییەکی تەواویشـی لە مەقامـات هەبـووە، دەتـوانین بڵێـین ئوسـتادی مەقامـات بـووە، بـۆیە شـیعرەکانی ئاهەنـگ لەناویـا تـواوەتەوە، هەرلەبەر ئەوەشـە زۆربەی شـــیعرەکانی کـــراوە بە گـــۆرانی و مەقـــامبێژان ئاهەنگەکانیـــان پـــێ ڕازانـــدۆتەوە، ئەمەش بـــۆتە هۆکـــارێکی ســـەرەکی بڵاوبـــوونەوەی شیعرەکانی و کاریگەری لەسەر شاعیرانی تر.
قسـەکانی خوالێخۆشـبوو (عبـد جاسـم) زۆر لایەنمـان بـۆ ڕووندەکاتەوە لەوانە:-
١- کاتی بەیەکتر شاد بوون و یەکترناسینی صـافی و بێخـود، کە یەکەم جـار لە شـاری کـۆیە لەسـاڵی ١٩٣٧ ز بە دیـداری یەکتـر شـاد بـوونە و یەکتریان ناسیوە.
٢- لەو سـەردەمدا شیعر و مەقامات لە شاری کۆیە برەوی سـەندووە و کـۆڕی شـیعر خوێنـدنەوە و مەقـام خوێنـدن سـازکراوە و زۆر جـار بەردەوام بـــووە، ئەوەتـــا بەپێـــی ئەو قســـەیە ئـــاهەنگەکە بیســـت ڕۆژ بەردەوام بووە.

٣- کۆمەڵێ شاعیرو مەقامبێژ بەشداریان کردووە، دیارە لە کۆڕی وادا ڕەخنەش دەگیرێت بۆیە دەتوانین بڵێین لەوکاتدا ڕەخنەی پراکتیکی هەبووە.

٣- شوێنی ئاهەنگگێڕانەکەمان بۆ دیاری دەکات، کە باخچەی (حەوێز ئاغایە).

٤-هەر لەو کاتەدا بێخود شیعرێکی لە مەدحی (صافی)دا داناوە و بە شیعرەکانی (صافی) کاریگەر بووەو لە خۆشەویستی ئەودا ئەو شیعرەی داناوە.

کاتێ دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێت: (صافی سێ قەسیدەی چوارینی هەیە هەر یەکەیان لە حەوت بەند (کۆپلە) پێکهاتووە بەکێش و قافیە و پاشقافیەوە لە قەسیدە بەناوبانگەکەی بێخود دەکەن (لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من) (خەزنەدار،٢٠٠٥، ٣٣٧). ئەم بۆچوونەی مامۆستا نازانم بڵێم چۆنە، چونکە جەنابیان سەرپەرشتیاری نامەی ماستەرەکەم بووە و لەوێدا ئاماژەمان بەوە کردووە، کە بێخود لە خۆشەویستی بۆ (صافی هیرانی) ئەم شیعرەی داناوە، جگە لەوە هەرلە نامەکەدا ساغمانکردۆتەوە، کە شیعرەکەی صافی پێش ساڵی ١٩٣٧ دانراوە و لەو ساڵەدا بەمەقام وتراوە، واتە دانانەکەی زۆر پێش ئەو ڕێکەوتەیە، لە گفتوگۆمدا لەگەڵ مامۆستا وتی برازاکەی لە بەغدا لە زانکۆ بووە، ئەگەر وابێت زانکۆ لەکۆتایی ساڵانی پەنجا دامەزراوە، جگە لەوە لە ڕێگەی (پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسول) پەیوەندیم کرد بە بەڕێز(لیوا کەمال چاومار) گوتی ئێمە هیچ کەسمان لە بەغدا نەخنکاوە.

((صافی لەم قەسیدانەدا وێنەی فرمێسک و زاراوەی ماتەم و لێکسیکۆنی ماتەمنامەی کلاسیکی بەکارهێناوە، هەوڵیداوە بەبۆیاغێکی تەنکی

سۆفیزم ڕەنگڕێژی بکا. تا ئێستا نەزانراوە ئەو کەسەی صافی ئەو ڕێزە شیعرەی بۆداناوە و شیوەنی بۆ دەکا کێیە؟ ڕەنگە هەرلەبنەڕەتدا هیچ ڕووی نەدابێ و بۆ کەسیش نەوترابێ بەڵکو شاعیر بەخەیاڵ دروستی کردبێ و لاسایی بێخودی کردبێتەوە، کەی قەسیدەکەی بێخود بۆ مردنی کەسێکی دیاریکراو وتراوە) (خەزنەدار،٢٠٠٥، ٣٣٩). لەڕاستیدا صافی لاسایی بێخودی نەکردۆتەوە بەڵکو بێخود بەکاریگەری صافی ئەم شیعرەی داناوە، ئەم شیعرەش بۆ مردنی کەسێک نەوتراوە بەڵکو لەخۆشەویستی بۆ صافی و کاریگەری لەسەری ئەو هۆنراوەی داناوە لە دوای خستنەڕووی بەڵگەکان و بەرامبەریەککردنی شیعرەکان دەگەینە ئەوەی، کە هۆنراوەکەی بێخود لە زۆر ڕووەوە کاریگەری هۆنراوەکانی صافی هیرانی پێوە دیارە لەوانە:-

١- هەردوو هۆنراوەکان لە شێوەی چوارین هۆنراونەتەوە.

٢- لەسەر بنەمای هەمان کێشی چەندی- دەریای هەزەجی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف هۆنراوەتەوە، کە هەمان کێشی هۆنراوەکەی (صافی)یە.

٣- لەڕووی سەرواوە سەروای گشتی هۆنراوەکە (اوە)یە، کە هەمان سەروای یەکێ لە سێ هۆنراوەکەی صافی یە.

٤- پاش سەروای هۆنراوەکە (دڵی من) هەمان پاش سەروای هۆنراوەکەی صافی یە.

٥- لەڕووی ڕیتمەوە (هۆنراوەکە لەسەر بنەمای دووبارەکردنەوە بنیات نراوە بەتایبەتی دووبارە کردنەوەی دەنگە زاڵەکان (أ- و- ی- ن- م - ڵ - د) کە هەمان ئەو دەنگە زاڵانەن، کە لە هۆنراوەکی صافی بەکارهاتوون لە ڕووی ژمارەشەوە جیاوازیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە شیعرەکەی بێخود (١١) چوارینە بەڵام شیعرەکەی صافی (٧) چوارینە.

**بنەمای دانانی هۆنراوەکە:**

شیعرەکەی بێخود پرسیارکردنە لە وێڵی و سەرگەردانی دڵی خۆی، ئاخۆ بۆ کوێ چووە لەکوێ وێڵ بووە ؟ بەچ شاخێک گیرساوەتەوە ؟ پرسیارگەلێکن یەک لەدوای یەک.

(هەموو وەسفەکانی پرسیارن: دەبێ لەکوێ بێ ! شێتی چی لەیلاییێک بێ! یاچی عەزراییێک جادووی لێ کردبێ ! یامامزی هەتڵەی چی سارایێک بێ! ئاخۆ دڵی شاعیر، کە حیکاتخوێنی ئەو کارەساتەیە چارەی کامە پەری دیوە بەم جۆرە ترساوە! لەناو ئەفسانەی کوردەواریدا ئەوە هاتووە منداڵ ئەگەر چاوی بەپەری بکەوێ دەترسێ لەوانەیە شێتیش بێ) (خەزنەدار،٢٠٠٦، ٨١). بە بۆنەی دانانی هۆنراوەکە وەک (د.مارف خەزنەدار) بۆی چووە دەبێت بۆ برازایەکی بێت، کە لەزێی دیجلە لە بەغدا خنکاوە.

شیعری چوارین بەندی (لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە) لەنێوەندی ئەدەبیدا بەناوبانگ و دڵگیرە، بێخود لەم شیعرەدا بۆ برازایەکی دەلاوێنێتەوە لەڕوباری دیجلە لەبەغدا خنکاوە، سەرەتا بەم چوارینە دەست پێ دەکا) (خەزنەدار،٢٠٠٦، ٨٠).

(قەسیدەکەی بێخود بۆ مردنی کەسێکی دیاریکراو وتراوە) (خەزنەدار،٢٠٠٥، ٣٣٩). مامۆستای خوالێخۆش بوو سەرپەرشتیاری نامەی ماستەرم بوو، لە گفتۆگۆمدا لەگەڵ مامۆستا وتی برازاکەی لە بەغدا لە زانکۆ بووە، ئەگەر وابێت زانکۆ لەکۆتای ساڵانی پەنجا دامەزراوە.

(زانکۆی بەغدا گەورەترین زانکۆکانی عێراقە دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری بەغدا لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە لە ساڵی ١٩٥٩ز دامەزرا، بەڵام دانانی یەکەم خشتی بناغەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٨ز، کە

کــولێژی مــاف (قوتابخــانەی مــاف) لە پێشــوو دامەزرا، لەدوای ئەو (دارالمعلمین سابقا) کولێژی پەروەردە، ولەساڵی ١٩٢٧ کۆلێژی پزیشکی و دەرمانســازی و ئەنــدازیاری دامەزران واتە پــێش دروســت بــوونی زانکۆی بەغدا ئەم کۆلێژانە هەبوون. لەساڵی ١٩٤٣ یەکو لێژنە پێکهێنرا بۆ توێژینەوە لەدامەزراندنی زانکۆیەکی عێراقی، لەئەیلولی ١٩٥٦ یاسای دامەزراندنی زانکۆ لە عیراق دەرکرا بەناوی زانکۆی بەغداد، ولەساڵی ١٩٥٧ز یەکەم سـەرۆک و لێـژنەی دامەزرانـدن بـۆ زانکـۆ دانـرا، بـۆ لێکۆڵینەوە لە واقیعی کۆلێژو پەیمانگاکانی ئەوساو گۆڕانکاری پێویست تیایانـدا و هەنگاونـانی پێویسـت بـۆ پەیوەسـت کردنیـان بەزانکـۆ لەدوای دڵنیابوون لەئاستی زانستیان، لەساڵی ١٩٥٨ز یاسـایەکی تـر بـۆ زانکـۆی بەغـدا دەرکـرا، بەپێـی ئەو یاسـایە دانـرا بە مەجلسـێک، کە کاروبـاری زانسـتی و بەڕێوەبەرێت، کە ئەم کـۆلێژانەی دەگرتەخـۆ (کـۆلێژی مـاف، ئەنـدازیاری، پەروەردە، پزیشـکی، دەرمانسـازی، ئەدەبیـات، بازرگـانی، کشتوکاڵ، ڤێرتەرنەری) یەکەم سەرۆکی زانکۆی بەغدا (د. متی عقراوی لە تشــرین یەکەم -١٩٥٧- ئــاب ١٩٥٨/ دوەم د.عبــدالجبار عبــدالله لە ئاداری ١٩٥٩- ئاداری ١٩٦٣ز) (الموسوعه الحره، ویکیبیدیا).

کەواتە لێژنەی دامەزراندنی زانکۆی بەغدا لەساڵی ١٩٥٦ ز پێکهێنراوە، بەڵام بێخود (لەپاش نیوەڕۆی٢٥-

٨- ١٩٥٥ز کـۆچی دوایـی کـردووە) (مـوفتی،١٩٧٠). کەواتە، کە بێخـود کۆچی دوایی کردووە (٣) ساڵ پاش ئەوە زانکۆی بەغدا دروست کراوە، جگە لەوە لەڕێگەی (پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسول) پەیوەندیم کرد بە بەڕێز(لیوا کەمال چاومار) گوتی ئێمە هیچ کەسمان لە بەغدا نەخنکاوە کەواتە ئەم بۆچوونە دوورە لە ڕاستی، سەرەڕای ئەمانە خوالێخۆشبوو (سەید ئەنوەر سەید ئەحمەد بەرزنجی) دەڵێت:-

(لەئاهەنگی ئیجازە وەرگرتنی (مەلا عەزیزی کوڕی کاک مستە فای هیرانی) (صافی) لەساڵی ١٣٥٦ک لەشاری کۆیە، کە مەلای گەورەی کۆیی ئیجازەی پێدا، لە ئاهەنگەکەدا من بە دەنگی خۆم ئەم شیعرەم بە گۆرانی وتووە لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێ:-(بێخود) لە خۆشی ئەم شیعرە شیعرێکی دانا، کە دەڵێت: خوالێخۆشبوو (عبد جاسم) دەڵێت: (بێخود شیعرێکی لە مەدحی (صافی)دا داناوە و بە شیعرەکانی (صافی) کاریگەر بووەو لە خۆشەویستی ئەودا ئەو شیعرەی داناوە) (عبد جاسم ٣١-٨- ١٩٩٢).

مەبەستی (لەورۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من)ە، کەواتە بەپێی هەمووبەڵگەکان ئەم شیعرە بۆمردنی کەس دانەنراوە، بەڵکو بەکاریگەری شیعرەکەی شێخی عاشقان صافی هیرانی دانراوە، وەک (عبد جاسم) ئاماژەی پێدەکات لەخۆشەویستی بێخود بۆ صافی ئەو شیعرەی داناوە.

**شێخ نووری شێخ صالح:**

شێخ نووری کوڕی شێخ صالحی شێخ غەنییە لەساڵی ١٣١٢ ی ڕۆمی واتە ١٨٩٦ ز لەشاری سلێمانی لە گەڕەکی دەرگەزێن هاتووەتە دنیاوە، زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی باش زانیوە و هەندێ جار شیعریشی پێ نووسیوە، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان بووە و لە ڕۆژنامەی بانگی کوردستانیشدا ئیشی کردووە، لە ٢٠-١٢-١٩٥٨ ز بەنەخۆشی تەقینی (قرحە) سەری نایەوەو بوو بە میوانی دار ئەرخەوانەکانی گردی سەیوان) (شێخ صالح،١٩٨٩، ٦- ٧).

شێخ نووری بە کاریگەری هۆنراوەکەی (بێخود) هۆنراوەیەکی لەسەر شێوەی شەشێن نووسیوە، کە دوانزە شەشێنە و خۆشی دەڵێت نەزیرە

لەسەر قەصیدەیەکی مامۆستا بێخود، هۆنراوەکە بەم شەشێنە دەست پێدەکات:

لەو ڕۆژەوە تۆی دیوە پەریشانە دڵی من
سەودا زەدە و بێ سەرو سامانە دڵی من
پیشەی خەفەت و شیوەن و گریانە دڵی من
گا وێڵی کەژو کێوو بیابانە دڵی من
گا دەربەدەری کوچەیی شارانە دڵی من
سەرسامی پەڵ و بەردی منالآنە دڵی من

بەم شەشینەش کۆتایی دێت
بڕوا سەری خۆی هەڵگرێ،ڕووکاتە دیارێ
یارێ بگرێ خەندە بەلەب شوهرەیی شارێ
دەم پڕ لەشەکەر خەندە، مەلەک چیهرە، نیگارێ
بارانی غەزەب، هێندە لەڕوانینی نەبارێ
بێنێتە سەما ڕۆحی ڕەوانم بە وتارێ
نەشکینێ هەموو ڕۆژێ بەصەد تانە دڵی من (شیخ صالح،١٩٨٩، ١٦٧).

**ئاستی مۆسیقی: مۆسیقای دەرەوە:**

**کێش:** هۆنراوەکە بە هەمان شێوەی هۆنراوەکەی بێخود لەسەربنەمای کێشی چەندی – دەریای هەزەجی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف هۆنراوەتەوە.

لەو/ ڕۆ/ ژە/ وە/ تۆی/ دی/ وە/ پە/ رێ/ شا/ نە/ د/ ڵی/ من

– – ب      ب – – ب      ب – – ب      ب – –

مفعول      مفاعیل      مفاعیل      فعولن

سەو/ دا/ زە/ دە/ و/ بێ/ سە/ ڕو/ سا/ ما/ نە/ د/ ڵی/ من

–   –   ب ب   –   –   ب   ب   –   –   ب   –   ب   –   –

مفعول   مفاعیل   مفاعیل   فعولن

سەروا

١- **پاش سەروا** (دڵی من).

وشەی سەروا (پەریشانە، سامانە، گریانە، بیابانە، شارانە، مناڵانە) سەروا (انە).

٢ – وشەی سەروا(وڵاتان- بیابان– دیسان – یاران – بەهاران – غەزەلخوانە) سەروا (ان –انە).

٣- وشەی سەروا (بیابان - دزان – گوڵستان - پەریشان – هیجران– ناڵانە) سەروا (ان– انە).

٤- وشەی سەروا (ڕووت – ئەبرووت – مووت - گێسووت – مووت – موسڵمانە) سەروا (ووت- انە). ٥- وشەی سەروا (بەکامی – زامی– دامی – نەفامی – ڕامی – گریانە) سەروا (امی – انە).

٦- وشەی سەروا(نەگبەت – موحیبەت– موصیبەت– نەسیحەت– مەلامەت– نادانە) سەروا(ەت انە).

٧- وشەی سەروا (ناوت – چاوت – داوت – خاوت – تاوت – بارانە) سەروا (اوت – انە).

٨- وشەی سەروا (لاتا- دوواتا – چراتا – بەڵاتا - هەراتا – تۆرانە) سەروا (اتا—انە).

٩- وشەی سەروا (عەزابی – نابی - کیتابی – عیتابی – حیسابی – ئیمانە) سەروا (ابی—انە).

١٠- وشـەی سـەروا (بەردار – بەربـار – خرێـدار – هـاوار – کێـوانە) سەروا (ار— انە).

١١- وشەی سەروا (خۆی – ئەبرۆی – بۆی – ئەستۆی – سـەرخۆی – شێتانە) سەروا (ۆی – انە).

١٢- وشەی سەروا (دیارێ – شارێ – نیگارێ – نەبارێ – وتـارێ – تانە) سەروا(ارێ انە).

شـیعرەکەی (شـێخ نـووری) کـاریگەری ڕاسـتەوخۆی شـیعرەکەی (بێخود)ی لەسەرە، چونکە خۆی دەڵێت: (نەزیرە لەسـەر قەصیدەیەکی مامۆستا بێخود) کەواتە بە ناڕاستەوخۆ کاریگەری شیعرەکەی (صـافی) لەسەرە.

**ئەمین شنۆیی:**

میـرزا محەمـەد ئەمـین بەلەدی (١٣٣٣- ١٢٦٨) هەتـاوی، بەنازنـاوی (ئەمـین شـنۆیی) شـیعری گووتـووە ولەسەرئەوەشـڕا، کە شـاعیرێکی هەڵـکەوتەو پـایەبەرزە، زۆرکەم ناسـراوەو تەنیـا گیـوی موکریـانی لە (کەشکۆڵ)ەکەی خۆیدا بەچەند دێڕێک باسـی کردووە، بە کـوردی و فارسـی شـیعری هۆنیـوەتەوە، شـیعرە فارسـیەکانی لەسـاڵی ١٩٩٨ ز بەچاپ گەیەنراون.

هۆنراوەیەکی هەیە بەنـاوی (شـەیدایی گوڵ) لەسـەر شـێوەی پێنجین لە پێنج پێنجین پێکهاتووە و بەم پێنجینە دەست پێدەکات:

ئیمڕۆ کە لە هیجرانی تۆ بیمارە دڵی من
شێواون و پەرێشان و بریندارە دڵی من
دائیم وەکوونەی، خەسڵەتی هاوارە دڵی من
موشتاقی مولاقاتی ڕۆخی یارە دڵی من
وەڵڵاهی بەعیشقی تۆ گرفتارە دڵی من

بەم پێنجینە کۆتایی دێت:-
گیانە وەرە ڕوحمێ بکە بەو ئەمنی حەزینە
جەرگم لە فیراقی تۆ هەمووی کۆنە برینە
لێوت بەمەسەل شەکرە وەیا قەندی شیرینە
ئەو مەلحەمە بۆ دەردو دەوای گیانی ئەمینە
موشتاقی ڕوخی دڵبەرە دووبارە دڵی من (د. شنۆیی،١٢٦-١٢٧)
هۆنراوەکەی ئەمین شنۆیی لە پێنج پێنجین پێکهاتووە

**ئاستی مۆسیقی: مۆسیقای دەروە:**

**کێش:**

ئیم/ ڕۆ/ کە/ لە/ هیچ/ را/ نی/ تۆ/ بی/ ما/ رە/ د/ ڵی/ من
- - ب ب - - ب - ب - - ب - -
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
شێ/ وا/ و/ پە/ رێ/ شا/ نو/ ب/ رین/ دا/ رە/ د/ ڵی/ من
- - ب ب - - ب ب - - ب - - ب - -

**سەروا:**

**پاش سەروا:** (دڵی من).

١- وشەی سەروا (بینارە - بریندارە - هاوارە - یارە - گرفتارە) سەروا (ارە).

٢- وشەی سەروا (خەیاڵە - ویساڵە - جەماڵە - خەیاڵە - خەریدارە) سەروا (اڵە - ارە).

٣- وشەی سەروا (ساغە - داغە - چراغە - باغە - دیدارە) سەروا (اغە - ارە).

٤- وشەی سەروا (یەگانە – ڕەوانە – نیشانە – بزانە - زیننارە) سەروا (انە – ارە).
٥- وشەی سەروا (حەزینە – برینە – شیرینە – ئەمینە – دووبارە) سەروا (ینە – ارە).
ئەمین شنۆیی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە خۆشەویستی و ڕێزێکی زۆری بۆ شێخی شاعیران (صافی هیرانی) هەیە و چەند هۆنراوەیەکی لە خۆشەویستی ئەودا داناوە لەوانە:-
ئەمین شنۆییی هۆنراوەیەکی هەیە لەشێوەی پێنجین لەستایشی (صافی هیرانی) دیارە شیعرەکە لەخۆشەویستی شێخی عاشقان دانراوە و لەسەر هەمان کێشی هۆنراوەکەی (صافی) دانراوە، هۆنراوەکە لە پێنج پێنجین پێکهاتووە وهۆنراوەکە پڕیەتی لە ئاهو هەناسەو فرمێسک و سووتانی دووری، ئەوەندە پەرۆشە بۆ گەیشتن بە خزمەتی شێخی عاشقان وا دەردەکەوێت کە شنۆیی یەکێکە لە موریدە دڵسۆزەکانی شێخی عاشقان.

بۆ صافی کاکی (ئیرانی)

صافی بە فیدای خاکی دەری ڕەهگوزەرت بم
قوربانی قەدو قامەت و لەفزی شەکەرت بم
حەیرانی کەلامات و غەزەلیاتی تەڕت بم
شەیدایی کەراماتی سەریعولئەسەرت بم
پەروانەیی جان دادەیی شەمعی نەزەرت بم (د.شنۆیی،٧٧)

سا/ فی/ بە/ فی/ دای/ خا/ کی/ دە/ ری/ ڕە/ گو/ زە/ رت/ بم
– – ب ب – – – ب – – –ب ب – ب –
قور/ ب/ نی/ قە/ دو/ قا/ مە/ ت و/ لەف/ زی/ شە/ کە/ رت/ بم
– – ب ب – – ب – ب – ب ب – –

بێچارە (ئەمین)م لەشنۆ بێ کەس وکارم
بێ دولبەرو بێ هەمدەم و بێ موونس و یارم
تۆ غەوسی موعەززەم بگە ئیمدادو هەوارم
دەرمان کە برینی دڵی مەجرووح و فیگارم
ئەی من بە فیدای مەرهەمی زوخمی جگەرت بم (د.شنۆیی،٧٧).

هۆنراوەیەکی تری هەیە، پڕ لە ستایش و ڕێزو خۆشەویستی بۆ (صافی هیرانی) لەسەر زمانی یەکێ لە هاوڕێکانی دانراوە، ئەم قەصیدەیە (ئەمین) لەزمانی میرزا عینایەت بۆ خزمەت کاک مستەفا ئیرانی (صافی) نووسیویە، کە یەکێک بووە لە موریدە وەفادارەکانی شێخی عاشقان.

وەرە پەیکی سەبا ئیمڕۆ ببە قاسیدی فەرمانم
بچۆ بۆخاکی ئیرانی لەبۆ کن گیانی گیانانم
بڵێ ئەی کاکە مورشید نووری چاوم کۆڵەگەی دینم
لەبۆ ناپرسی جارێکی لەئەحواڵی پەرێشانم (د.شنۆیی. ٧٥)

ئەمین شنۆیی غەزەلێکی هەیە کەپاش سەرواکەی (دڵم)ە، ئەویش کاریگەری شیعرەکەی صافی هیرانی پێوەدیارە:

ئەوڕۆ لە دەست هیجرانی تۆ ڕەنجوور و بیمارە دڵم
بەو خەنجەری موژگانی تۆ چەندە بریندارە دڵم
داغی فەراقت دەم بە دەم بۆمن دەکا تەولیدی غەم
بەودامی زولفی پێچ و خەم سەد جێ گرفتارە دڵم
ناڵەی دەروونی من مەگەر ئەی گوڵ لەتۆ ناکا ئەسەر
وەک بولبولان وەختی سەحەر دایم بەهاوارە دڵم (د.شنۆیی،٩٣).

**عاصی :**

عاصی (مستەفای کوڕی حاجی مەلا ڕەسول کوڕی مەلا ئەبوبکری کوڕی مەلا عەباسی کوڕی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عوسمانی کوڕی مەلا ئەحمەدە) (موفتی،٢٠٠٦، ٧). لە ساڵی ١٨٨٥ز لەگوندی (خرابە)ی ناحیەی تەقتەق سەربەشاری کۆیە لەدایک بووە (س،پ). نازناوی شیعری (عاصی) بووە خوێندنی مەلایەتی لەکۆیەو دەوروبەری تەواوکردووە. (عاصی هەر بەتەنیا بەبەهرەی شیعری نەوەستاوە بەڵکو بەردەوام شیعری شاعیرانی پێش خۆی و هاوچەرخی خۆی خوێندۆتەوەو تەنانەتی کاریگەری هەندێکیانی زۆر بەئاشکرای پێوە دیارە) (محەمەد داریاس) دەڵێت: (دۆستایەتی لەگەڵ گەلێ لەشاعیرە ناودارەکانی وەکو بێخود وصافی و عەونی و قانیع و ڕاجی داهەبووە) (موفتی،٢٠٠٦، ١٢)، ئەو شاعیرانە سەرەڕای دۆستایەتی کاریگەرییان لەسەر هەبووە (لە خوێندنەوەی شیعرەکانی عاصی دا بۆمان دەردەکەوێت، کە کاریگەری وەفایی و تاهیر بەگ و صافی هیرانی پێوە دیارە) (موفتی،٢٠٠٦، ١٢). زۆر لە تەمەنی خۆی بە ئیمامەتی بردۆتە سەر (ماوەی بیست و چوارساڵ لە مزگەوتی گەرمک ئیمامەتی کردووە) (س،پ). دوای بەسەربردنی تەمەنی لەخوێندن و کاروکاسبی و مەلایەتی لە کۆیە لەڕۆژی (١٩٧٥/٩/٢٢ز کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی (شەهیدان) لە شاری کۆیە بەخاک سپێردراوە)(س،پ، ٢٤).

(عاصی پێنجینەبەندی خۆی و پێنج خشتەکی لەسەر شیعری شاعیرانی تری وەکو صافی و وەفایی و عەلی تارانی و ئەحمەد ئاشگەیی و حسێنی و سەید ئەنوەر و حافز و حەزرەتی زیائەدین و ئەبو بەکری سەدیق.. ......)هەیە، (موفتی،٢٠٠٦، ١٩٧٢). دابەش بوونی سەروا لەپێنجینەدا بەو جۆرەیە، یەکەم پێنجینە هەر پێنج لەتی هاوسەروان،

پێنجینەکانی تر چوارلەتی پێشەوەیان سەروایەکی تریان هەیەو لەتی پێنجەمیان هەمان سەروای پێنجەکەی یەکەمە.
(ااااا/  ب ب ب ب ا/ ج ج ج ج ا/) بۆنموونە:
مەحوی ستەمی جەوری ڕەقیبانە دڵی من
مەجنوونی پەڕاگەندەی هەردانە دڵی من
سەرفی گەوهەری عومری  لەگریانە دڵی من
ئاماجی  موژەی تیری  جەوانانە  دڵی من
حەپسی چەمەنی چاهی زەنەخدانە دڵی من

لە پێنجینەکانی تردا سەرواکانی چوارلەتی پێشەوەی دەگۆڕێن، بەڵام ڕەوی لەتی پێنجەمی هەموویان هەر (ا) یە. وشەکانی لەتەکانی پێنجەکانی تر ئەمانەن (ئیمانە دڵی من، عوممانە دڵی من، حەیرانە دڵی من، مەستانە دڵی من، دەرمانی دڵی من، پەنهانە دڵی من) (س،پ).
(بە چاوخشانێک بە دەستنووسەکەی عاصی دا دەردەکەوێ کە کاریگەری جیاجیایی ئەم شاعیرانەی پێوە دیارە وەکو (نالی، سالم، کوردی، شێخ ڕەزا، تاهیربەگ، صافی، ئەخۆل، بیخود، ناتیق، عارف صائیب، زەبیحی، وەفایی، بێکەس، قانیع،مەحوی، وەلی دێوانە، هەردی، عورفی، شێخ نوری، مەولەوی) (موفتی،٢٠٠٦، ٨٣).
بێخود چوارینە بەندێکی  زۆر بەناوبانگی هەیە:

لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من
هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەرو شوێن ماوە دڵی من
ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من
یاخۆ بەچ داخێکەوە سووتاوە دڵی من

عاصیش شیعرێکی لەسەر ئەم شیعرە و بەهەمان پاش سەروا (دڵی من) نووسیوە:

وەجهی چییە وەک سینەمە بریانی دڵی من
مائیل بە غەم و شیوەن و گریانە دڵی من (موفتی،٢٠٠٦، ٨٣)

ئەوەی جێگەی هەڵوەستەکردنە (پەری حمید) لەنامەکەی دا، نموونەی شیعری بۆ هەندێ لەو شاعیرانەی هێناوەتەوە، کە پێیان کاریگەر بووە وەک (بێخود، وەلی دێوانە، کوردی، حاجی، نالی، وەفایی، سالم، ئەخۆل، هەردی) بەڵام (صافی هیرانی)، کە لە هەموویان لێی نزیکترە باسی لێوە نەکراوە و نموونەشی بۆ نەهێناوەتەوە، بێ ئاگایە لەوەی ئەو شیعرەو دووشیعری تری عاصی لە ژێر کاریگەری صافی هیرانی دانراون.

لەو ڕۆژەوە کە هاتۆتە دنیاوە دڵی من
شادی نەدی ئەصلا کەلەهەرلاوە دڵی من
بەم عالەمە بەدبەختەوە پەشۆکاوە دڵی من
بنوارە کە چۆن سەر کزو داماوە دڵی من
لەم قەرنە لەعالەم گەلێ تۆراوە دڵی من
بنوارە چ پڕشەڕوشۆڕو فیسق و فەسادە
پڕ جەورو جەفاو ستەم و زوڵم و عینادە
عالەم لە فەسادی بەمەسەل میللەتی عادە
گەنج ئینقادە هەمووهەروەکو سەرخۆشە بەبادە
باوەڕ بکە تۆلەم ڕقە واچەشمەی خوێناوە دڵی من
بنوارەچلۆن قفلە دەری حوکم و قەچامان
مەشغولە لەنادی بەلەهو گشت ئومەرامان

وەستاوە بەسەرپاوە لەقاپی فەقەرامان
والآیە لەبۆ ئەهلی دیرهەم بابی سەرامان
باعث ئەمەیە مەیلی بەلای هەردو صەحراوە دڵی من
عالیم کەچرای دینە لەبۆ ڕێگە نیشان دان
مەرکەزی فەیچی ئیلاهینە بەئەخبارو بەقورئان
لام وایە هەموو خاڵی لەدین طالیبی دونیان
بۆیە کە کەمترینی هەموو عالەمی ئەرزینە بە جوێندان
والە زومرەی عولەمایە سەری سوڕماوە دڵی من

مەلا مستەفای مەلاڕەسول ناسراو بەعاصی، یەکێکە لە شاعیرە کلاسیکییەکانی سەدەی بیستەممان و لەشیعرەکانی دا هەموو دەستوورە باوەکانی شیعری کلاسیکی کوردی پەیڕەو کردووەو لەو چوارچێوەیەشدا تایبەتییەتی خۆی پاراستووە (عاصی،٢٠٠٨، ٧). سێ غەزەلی هەیە، کە کاریگەری (صافی هیرانی)یان پێوە دیارە و هەرسێک (دڵی من) پاش سەروایە و لەسەر کێشی (هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزووف)ن، (مفعول، مفتعیل، مفاعیل، فعولن،/ مفعول، مفاعیل، مفاعیل، فعولن) هەمان ئەو کێشەیە کە هۆنراوەکی (صافی) لەسەر دانراوە.

وەجهی چییە وەک سینەمە بریانە دڵی من
مائیل بەغەم و شیوەن و گریانە دڵی من
لەم دەشتە کە سەحرایی فیراقە بەدەوامی
دائیم لەغەما زارو پەرێشانە دڵی من
وەحشەتکەشی کێوانە لەبەرمیحنەتی دووری
وەک مامزی تەنها کەلە هەردانە دڵی من

واحوجرەیی سینەم هەمو پڕ فەرشە لەحەسرەت
سەیری بکە ئەی غەم خەمی میوانە دڵی من
بێ هوودەیە دەرمانی تەبیب دیققەتی دختۆر
کوژراوی موژەی تیری جەوانانە دڵی من
ئالوودویی خوێنینە لەبەر خوێنی سرشکم
لەم مەوجە  کە دەریایە چە نادانە دڵی من
لەو حیکمەتە وازبێنە کە نازانی لەدەردم
فەوتانی بەدەرمانی تەبیبانە دڵی من
کەوتۆتە شلێوە لەهەوای سۆزی هەناسەم
خۆفەسڵی بەهاری هەمووزستانە دڵی من
(عاصی) چییە واتیژی سرشکت وەکو رێشین
ناڵینی دەڵێی زەڵمە کەناڵانە دڵی من      (عاصی)

**ئاستی مۆسیقی: مۆسیقای دەرەوە:**

**کێش:**

وەج/ هی/ چی/ یە/ وەک/ سی/ نە/ مە/ بر/ یا/ نەد/ ڵی/ من
ب – –      ب      ب – –      ب – –      ب ب – ب –
مفعول      مفاعیل      مفاعیل      فعولن
ما/ ئیل/ بە/ غە/ مو/ شی/ وە/ نو/ گر/ یا/ نە/ د/ ڵی/ من
– –      ب ب      –      –      ب      ب      – ب – – ب ب – –
مفعول      مفاعیل      مفاعیل      فعولن

هۆنراوەکە لەسەر بنەمای کێشی چەندی – دەریای هەزەجی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف بنیات نراوە

**سەروا.**

**پاش سەروا:** (دڵی من)

وشـەی سـەروا (بریـانە – گریـانە – پەرێشـانە – هەردانە – میـوانە – جەوانانە –نادانە – تەبیبانە – زستانە – ناڵانە) سەروا (انە).

غەزەلێکی تریشـی هەیە،کە هەمـان کێشـی تیـا بەکارهـاتووە (هەزەجـی هەشـتی ئەخرەبـی مەکفـوفی مەحـزووف) (مفعـول، مفتعیـل، مفاعیـل، فعولن/ مفعول، مفاعیل، مفاعیل، فعولن).

بەم دەردە کە عیشقە چییە حەیرانە دڵی من
هاوارە تەبیب بێ تو بە دەرمانی سەری من
گەرهات و لە حەققولقەدەما ڕووحی بوێتن
پێم خۆشە ئەگەر بیخەنە دامانی سەری من
جانم سوپەری تۆبێ لەبەر تیری بەڵاتا
گەردەن کەچە گەر دەیکەیە قوربانی سەری من
حاجەت نییە ئەم دەردە کە هیجرانە بەدەورا
یەک لەحزە ویساڵی بەسە لوقمانی سەری من
(عاصی)کەزەدەی تیری فیراقە لە ویساڵا
بێزارە دەڵێ بۆ نییە فەرمانی سەری من

ئەم پارچەیە دێری یەکەمی پاش سـەرواکەی (دڵـی مـن)ە، و دێڕەکـانی دوای پاش سەرواکە گۆڕاوە بۆتە (سەری من) وشەی (سەر) لەجێگەی دڵ دانراوە ئەمەش لە ڕووی مۆسیقاوە هەمـان شـتەو هـیچ گۆڕانی تـێ ناکەوێت.

غەزەلێکی تریشی هەیە، کە هەمان کێشی تیا بەکار هاتووە (هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزووف)ە، (مفعول، مفاعیل، مفاعیل، فعول/ مفعول، مفاعیل، مفاعیل، فعولن) پاش سەرواکەشی (دڵی من)ە.

دائیم بە جەفا شێوەی گریانە دڵی من
سووتاوی گڕەی ئاگری هیجرانە دڵی من
وەک تەیری ستەمدیدە لەدەست میحنەتی هیجران
حەپسی قەفەسی سینەیی بریانە دڵی من
بۆتیری غەمی فرقەتی تۆ بۆتە نیشانە
دائیم بەتەمای هاتنی دەرمانە دڵی من
واغەرقە لەناو بەحری غەم و گێژی قەساوەت
جێی مەرحەمەت و هیممەتی پیرانە دڵی من
مەیلی لەقەدەم بۆسییە هەم خاکی دەری تۆ
بۆوەسڵی تو غەمخوارو پەرێشانە دڵی من
مەفهوومی عەریزەم هەمو بۆڕەسمی دەخالەت
ئومێدی بەسەر حەلقەیی پیرانە دڵی من
وەختی کەرەم رەحمەت وئازادییە قوربان
گەرمەیل ئەکەی لایەقی قوربانە دڵی من
سەر گەشتەو وبێ بەهرەوو هەم پیرو پەرێشان
ڕەنگ زەرد لەژێر پەردەیی عیسیانە دڵی من
(عاصی)م و جەفادیدەو بەدناوغەرییم
قابیل بە سەفاو رەحمەت و ئیحسانە دڵی من (عاصی،٢٠٠٨، ٦١)

**ئاستی مۆسیقی: مۆسیقای دەرەوە:**

**کێش:**

دا/ ئیم/ بە/ جە/ فا/ شی/ وە/ ی/ گر/ یا/ نە/ د/ ڵی/ من

سوو/ تا/ وی/ گ/ ڕەی/ ئا/ گ/ ری/ هیج/ را/ نە/ د/ ڵی/ من

– – ب ب – – ب ب – – ب ب – –

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

**پاش سەروا** (دڵی من).

وشەی سەروا (هیجرانە – بریانە – دەرمانە – پیرانە – پەریشانە – پیرانە - قوربانە – عیسیانە – ئیحسانە) سەروا (انە).

**نووری:**

نووری، نازناوی شیعری شاعیری کورد (جەلالی شێخ جەمیل)ی نەقشبەندییە، لەساڵی ١٩١٢ز لەشاری هەولێر لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٣٦ز لەفەرمانی میری دامەزراوە گەلێ ئەرکی وەزیفەیی بینیوە، لە ساڵی ١٩٧١ز لەسەرداوای خۆی خانەنشین کراوە، لە ساڵی ١٩٧٥ بۆماوەی سێ ساڵ کراوە بە ئەندام لە ئەنجومەنی بەڕێوەبردن لەپارێزگای هەولێر. وەک خۆی دەڵێت (لەسەرەتای شیعردانانی دا شیعرەکانی نالی و کوردی و تایەربەگی جاف و بێخود کاریان تێ کردووەو بەرەو ڕێبازی شیعری کلاسیکی کوردیان بردووە، هەروەها شیعرەکانی وەفایی و نەزهەت و صافی دەورێکی سەرەکیان هەبووە لەسەرهەڵدانی غەزەلەکانی) (نووری،،١٩٨٣، ٤). نووری شیعرێکی هەیە لەسەر شێوەی چوارین، لە پێنج چوارین پێکهاتووە و بەم چوارینە دەست پێدەکات:-

بەم ئاگری عیشقە چ پەریشانە دڵی من

بۆ دوڵبەری ڕەعنا چ لەئەفغانە دڵی من
یەک لەحزە بنۆڕە چ لەگریان دڵی من
دایم بەغەم وحەپسی زەنەخدانە دڵی من
بەم چوارینە کۆتایی دێت:-
بۆ پەرچەم و ئەگریجە کەوا سینە کەبابە
ئەم پۆشی یەلادە کەلە ڕووت ستر و حیجابە
کوڵمەت کە ببینم بەخودا خێر و سەوابە
ئەی خوایە چ بێچارە و غەمخوانە دڵی من (نووری،١٩٨٣، ٢٣).
بەم/ ئا/ گ/ ری/ عیش/ قەی/ چ/ پە/ رێ/ شا/ نە/ د/ ڵی/ من
بۆ/ دوڵ/ بە/ ری/ ڕەع/ نا/ چ/ لە/ ئەف/ غا/ نە/ د/ ڵی/ من

**ئاستی مۆسیقی: مۆسیقای دەرەوە:**

**کێش:**

لەم هۆنراوەیەدا هەمان کێشی تیا بەکارهاتووە (هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزووف).

بەم/ ئا/ گ/ ری/ عیش/ قەی/ چ/ پە/ رێ/ شا/ نە/ د/ ڵی/ من
بۆ/ دوڵ/ بە/ ری/ ڕەع/ نا/ چ/ لە/ ئەف/ غا/ نە/ د/ ڵی/ من
- - ب ب - - ب - ب - ب ب - -
(مفعول، مفاعیل، مفاعیل، فعولن / مفعول، مفاعیل، مفاعیل، فعولن).

**سەروا: پاش سەروا:** (دڵی من).

وشەی سەروا (پەریشانە – ئەفغانە – گریانە – زەنەخدانە) سەروا (انە).

(دیارە – هەژارە - قەرارە – خوانە) سەروا (ارە –– انە).

(چیمە - چیمە – جیمە – فەوتانە) سەروا (یمە –– انە).

(لامە – کەلامە – غولامە – قوربانە) سەروا (لامە – انە).
(کەبابە – سەوابە – حیجابە - غەمخوانە) سەروا (ابە –– انە).
پاشسەرواکەشی (دڵی من)ە، خۆشەویستنی صافی لەلایەن نووری یەوە وایکردووە جگە لەوە غەزەلێکی صافی)یشی کردووە بەپێنج خشتەکی کە خۆی لە حەوت پێنج خشتەکی دەبینێتەوە:

لەو فیرقەتی دووری تووە ڕوحم لە ئەلەمدا
نایابە جەمالی تۆ لە نێو ڕۆم و عەجەمدا
حوسنی تووە وا شەوقی لە سینەو دڵمدا
گوڵناری ڕوخت ڕەشکی بەگوڵزاری ئیرەمدا
دووتاقی برۆت طعنی لە میحرابی حەرەمدا (نووری،١٩٨٣، ٤١).

**پاکی:**

پاکی ناوی تەواوی مەلا تاهیر کوڕی مەلا مەعروف کوڕی مەلا محەمەدی کوڕی صالح ئاغای ڕەباتی یە لەساڵی ١٨٩٤ ز لە کەرکوک لەدایک بووە. تەمەنی لەگوندی قورشاغلو بەمەلایەتی بردۆتە سەر. لەڕۆژی ١١-٣-١٩٨٠ ز لەگەڕەکی ئازادی شاری هەولێر بەنەخۆشی هەوکردنی سییەکان کۆچی دوای دەکات و لەگۆڕستانی گوندی قورشاغلو بەخاک دەسپێردرێت، لە دوای خۆی چەند بەرهەمێکی ئەدەبی بەدەستنووس جێ هێشتووە:

١- دیوانێکی شیعر.
٢- فتح القریب: کتێبێکی فیقهی مەزهەبی ئیمامی شافعییە کردویەتی بەکوردی و بەشیعر داڕشتووە.
٣- ڕۆستەم وزاڵ لەفارسییەوە وەریگێڕاوە بۆ کوردی.
٤- چیرۆکی (دزو قازی) کردویەتە کوردی و بەشیعر داڕشتۆتەوە.

پاکی لەم هۆنراوەدا کە بریتییە لە (٢٩) پێنجین، هەست و سۆزی خۆی بەشێوەیەکی واقیعیان بەرامبەر بە چین و توێژەکان کۆمەڵگای کوردەواری دەربریوە و بە وردی تێوەگلانیان لەگەندەڵی دەخاتە ڕوو، هۆنراوەکە بە کاریگەری چوارینەکانی شێخی عاشقان صافی هیرانی نووسراوە، هۆنراوەکەی (پاکی) بەگشتی لەسەر تێکچوونی شیرازەی کۆمەلایەتی و نەبوونی عەدالەتی کۆمەلایەتییە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، هۆنراوەکە بەم پێنجینەیە دەست پێدەکات:

لەو ڕۆژەوە کە هاتۆتە دنیاوە دڵی من
شادی نەدی ئەصلا کە لەهەرلاوە دڵی من
بەم عالەمە بەدبەختەوە پەشۆکاوە دڵی من
بنواڕە کە چۆن سەر کزو داماو دڵی من
لەم قەرنە لەعالەم گەلیَ تۆراوە دڵی من

بەم پێنجینەش کۆتایی دێت

کاری ئەو عالەمە بەد کارە بەباعث غەزەبی خوا
گشتی مایل بە ڕیباو حیلەو غەش موسکیرو مەلها
ئەرکانی موسڵمان بەجاریَ کەوتە بەربای فەنا
چونکی بیَ ترس و هەراسن لە عە ذاب ڕۆژی جەزا
بۆییکە لەم قەرنە لە عالەم گەلیَ ئێشاوە دڵی من

**ئاستی مۆسیقی: مۆسیقای دەرەوە:**

**کێش:**

لەو/ ڕۆ/ ژە/ وە/ کە/ ها/ تۆ/ تە/ دن/ یا/ وە/ د/ ڵی/ من

– – ب ب ب – – ب – – ب ب – –

مفعول مفاعیلن مفاعیل فعولن

شا/ دی/ نە/ دی/ ئەس/ ڵا/ کە/ لە/ هەر/ لا/ وە/ د/ ڵی/ من

– – ب – ب – ب – – ب – – ب – –

مفعول مفاعیلن مفاعیل فعولن

**پاش سەروا:** دڵی من

**سەروا:**

وشەی سەروا (دنیاوە – لاوە – پەشۆکاوە – داماوە – تۆراوە) سەروای گشتی هۆنراوەکە (اوە).

لەڕووی کێش و سەروا و پاش سەرواشەوە، هەمان کێش و سەرواو و پاش سەروای شێخی عاشقان صافی هیرانی بەکار هێناوە و کاریگەری ڕاستەوخۆی شێخی عاشقانی لەسەرە، چونکە لە هەولێرەو لە ڕووی جوگرافیەوە لە زێدی (صافی) زۆر نزیکە.

**د.عابد سیراجە دین:**

لە (ساڵی ١٩٢٣ز دکتۆر عابد سیراجەدین لەئاوایی دوڕۆی هەورامان لەدایک بووە، بەپێی ڕەوشی بنەماڵەکەی لەتەمەنی (٦)ساڵیدا ڕێی قوتابخانەی ئاینی گرتەبەر وەبەهۆی زیرەکی و هۆشیارییەوە خۆشەویستی مامۆستاکانی ئەو سەردەمەی خانەقای دوڕۆ و بیارە بوو، کوڕەزای شێخ علاءالدین و کچەزای شێخ نەجمەدینی بیارەیە، لەتەمەنی نەوجەوانیدا لەلای شێخ محەمەدی خۆراسانی و پاشان مامۆستا مەلاعەبدولکریمی مودەڕیس و مەلا بەها لەخانەقای بیارە دەرسی خوێندووە. (نەقشبەندی،٢٠٠٤).

لەدانیشگای (ئیلاهیات)ی تاران وەرئەگیرێ، شیعر بەشێکی پڕ بەهایە لە ژینی دوکتۆر عابد، لەزانست و ئەدەبی کوردی و فارسیدا دەستێکی باڵای هەبووە. لەڕۆژنامەی کوردستاندا نووسەر بووە و هەروەها لە

ڕادیۆی کوردی تارانیش کاری ئەکرد. لەزۆربەی شیعرەکانیدا تامو چێژگەی عیشق و ئەوینی ڕاستەقینە بەدی ئەکرێت و ڕەنگە سەرچاوەکەی بگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی سەردەمی منداڵی (نەقشبەندی،٢٠٠٤،٦). (لەڕۆژی (٨) ی مانگی نەورۆزی ١٩٩٥ دا لەشاری (ریاچ) ی پایتەختی عەرەبستانی سعودی لە دونیا دەرچوو هەرلە ئەوێش ئەسپەردە کرا)(نەقشبەندی، ٢٠٠٤، ٩). (بەتێکڕا (٥) دیوانی هەیە یەکێ لە دیوانەکانی گۆرانییەکانن کەبۆ گۆرانیبێژانی کورد و فارسی ئەو سەردەمەی ڕادیۆی تارانی داناون وەک هونەرمەند مەزهەری خالقی)(نەقشبەندی، ٢٠٠٤،١٠) و مەهەستی و حەسەن زیرەک و گەلێکی تر. هۆنراوەیەکی هەیە هەمان پاش سەرواو سەروای شیعرەکەی صافی بەکارهێناوە.

من ودڵ ڕۆژێ من ودڵ بولبولی دڵ

م/نو/دڵ/ڕۆ/ژێ/ م/نو/ دڵ/ بول/بو/ لی/ دڵ (١٢)

شادی چەمەن بووین

شا/دی/چە/مەن/ بوو/ین (٦)

هاوڕازی گوڵی گوڵشەن و

هاو/ ڕا/زی/ گو/ڵی/گوڵ/شە/ن و/ (٨)

نەسرین و سەمەن بووین

نە/س/ری/ن و/ سە/من/ بوو/ین (٨)

ئاسکی لەخەما و زادی دەروون

ئا/س/کی/لە/خە/ ما/ و/ زا/دی/دە/روو/ن (١٢)

دەشت و دەمەن بووین

دەش/ت و/ دە/ مەن/ بوو/ین (٦)

فارق لە جەفای ڕەوکیژو

فا/رق/لە/جە/فای/ڕەو/کی/ژو (٨)
لە داو و کەمەن بووین
لە/دا/و/ و/کە/مەن/ بوو/ین (٨*
ئێستاکە بەبێ ڕەونەق
ئێس/تا/کە/ بە/بێ/ ڕەو/نە/ق و (٨)
و ژاکاوە دڵی من
/ژا/کا/وە/ د/ڵی/من (٦)
لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە
لەو/ڕۆ/ ژە/وە/ ڕۆ/یش/تو/وە (٨)
تۆراوە دڵی من
تۆ/را/وە/د/ڵی/من (٦)
هەر چەند دەگەڕێم بێ
هەر/چەن/د/دە/گە/ڕێ/م/ بێ (٨)
سەرو شوێن ماوە دڵی من
سە/رو/ شوێن/ ما/وە/د/ڵی/من (٨)
کوا جیلوەی گوڵ کوانێ
کو/جیل/وەی/گوڵ/کوا/نێ (٦)
سەفاو ڕەونەقی گوڵزار
سە/فاو/ڕەو/نە/قی/گوڵ/زا/ر (٨)
کوا دیمەنی پڕ نەقش و
کوا/دی/مە/نی/پڕ/نەق/ش و (٧)
نیگــــاری کەژو کۆســــار
نی/گا/ری/کە/ژو/کۆ/سار (٧)
کوا مەستی و کوا بادە

کو/مەس/تی/و/کو/با/دە (٧)

وکــوا شــادییەکەی پــار

و/کوا/شا/دی/یە/کەی/پار (٧)

کـــوا نەرگســـی شـــەهلاو

کوا/نەر/گ/سی/شەه/لا/و (٧)

دووچـــاوی ڕەشـــی دڵـــدار

دوو/چا/وی/ڕە/شی/دل/دار (٧)

کەی شەوقو سەفاو

کەی/شەو/ق و/سە/فا/و (٦)

شـــادییەکەی مـــاوە دڵـــی مـــن

شاد/ییە/کەی/ما/وە/د/ڵی/من (٨)

لەورۆژەوە ڕۆیشـــتووە

لەو/ڕۆ/ژە/وە/ڕۆ/یش/ت/ووە (٨)

تۆراوە دڵی من

تۆ/را/وە/د/ڵی/من (٦)

**ئاستی مۆسیقی: مۆسیقای دەرەوە:**

**کـێش:** شــاعیر لە شــیعرەکەیدا کێشــی ژمــارەی بــڕگەی بەکارهێنــاوە لەجــۆری (ڕەنگاوڕەنــگ) کێشــی هــۆنراوەکە لە نێــوان (١٢-٦- ٨- ٧) بڕگەیـی یـاری دەکـات تەنیـا لەیەک دێرنەبێـت بـۆتە (٩) بـڕگە ئەویـش لەوانەیە هەڵەی چاپ بیت.

**سەروا:**
(وشـــەی ســـەروا (چەمەن- ســـەمەن – دەمەن - کەمەن – ژاکـــاوە – تۆراوە – ماوە – گوڵزار- کۆسار- پار- دڵدار- ماوە – تۆراوە - مـاوە – سەرکۆ- ئاسۆ- شەوبۆ- تۆ- سووتاوە – تۆراوە – ماوە)
ســـەروا: (مەن - اوە – ار- اوە – ۆ- اوە) ســـەروایی ڕەنگـــاو ڕەنگـــی بەکارهێنـاوە، سەروای گشتی هۆنراوەکە هەمـان سەروای شـیعرەکەی (بێخود)ە، کە ئەویش هەمان سەروای شیعرەکەی (صافی) بەکارهێناوە.
**پاش سەروا:** (بووین - دڵی من).

**مۆسیقای ناوەوە (ڕیتم):**
ڕیتمی هۆنراوەکە لەسەر بنەمای دووبارەکردنەوە بنیات نراوە.
شیعرەکە لەبەرئەوەی شاعیر لە ڕووی شوێنەوە لە زێدی بێخود نـزیکە کـاریگەری ڕاســتەوخۆی بێخــودی پێــوە دیــارە و بەناراســتەوخۆش کاریگەری شیعرەکەی (صافی) لەسەرە.

**ئەنجام:**
١- لەڕووی ڕێکەوتـی دانـانی شـیعرەکانەوە شـیعرەکەی (صـافی) پـێش هەموو شیعرەکان  دانراوە و ڕێکەوتـی دانـانی دەگەڕێتەوە پێش سـاڵی (١٩٣٧).
٢- شــیعرەکەی بێخــود بۆکەســێکی دیــاریکراوی خنکــاو نەوتــراوە، ڕێکەوتەکەشی دەکەوێتە ساڵی ١٩٣٧ و لە سۆزۆ خۆشەویستی بێخـود بۆ صافی و  کاریگەری شیعرەکە لەسەری هۆنراوەکەی داناوە.
٣- شیعرەکان  بەشێوەی چوارین نووسراون و هەمـان کێش و هەمـان ســەروا و پــاش ســەروایان هەیە، مۆســیقای نــاوەوەی شــیعرەکانیش

لەسەر بنەمای دووبارەکردنەوە و ڕەگەزدۆزی و دژیەک و تەناسوب دانراون.

٤- شیعرەکەی بێخود کاریگەری تەواوی شیعرەکەی صافی پێوە دیارە، لە هەموو ڕوویێکەوە.

٥- شیعرەکانی (عاصی و ئەمین شنۆیی و نووری و پاکی) کاریگەری ڕاستەوخۆی شیعرەکەی صافی هیرانیان پێوە دیارە، شیعری هەردوو شاعیر (شێخ نووری و عابد سیراجەدین) کاریگەری ڕاستەوخۆی شیعرەکەی بێخودیان لەسەرە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شیعرەکانی صافی هیرانی.

٦- هەرهەموو شیعرەکان لەسەربنەمای یەک کێش دانراون ئەویش کێشی چەندییە لە دەریای (هەزەجی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف).

٧- شیعرەکەی عابد سیراجەدین لەسەر بنەمای کێشی ژمارەی بڕگە دانراوە (١٢-٨- ٦- ٧) بڕگەیی تیا بەکارهاتووە، سەرواکەی ڕەنگاوڕەنگە، سەروای گشتی هۆنراوەکە هەمان سەروای هۆنراوەکەی بێخودە ئەویش هەمان سەروای هۆنراوەکەی صافی هیرانییە.

**سەرچاوەکان:**

١-حەسەن، سەردار ئەحمەد، صافی (ژیان و بەرهەمی، نامەی ماجستێر، کۆلیژی ئاداب، ز. سەلاحەدین،١٩٩٣.
٢-خەزنەدار، د.مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٦، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦
٣-خەزنەدار، د.مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٥، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥
٤-صافی، کاک مستەفای کوڕی کاک عەوڵا، دیوانی صافی، ئامادەکردنی گیوی موکریانی، چاپخانەی هەولێر چ٢، هەولێر ١٩٦٥ .
٥-صافی، کاک مستەفای کوڕی کاک عەوڵا، دیوانی صافی، ئامادەکردنی عەلائەدین سەجادی، چاپخانەی (معارف) بەغدا، ١٩٥٣ .
٦-شیخ صالح، شێخ نووری، دیوانی شێخ نووری، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی ئازاد عبدالواحد، (مطبعە جاحظ) بە غدا، ١٩٨٩.
٧-عاصی، مەلا مستەفای مەلاڕەسول، دیوانی عاصی، ئامادەکردن و پێشەکی و فەرهەنگۆکی، عەزیز گەردی، بڵاوکردنەوەو گەیاندنی تەفسیر، هەولێر ٢٠٠٨
٨-مفتی، مەلامەحمود، دیوانی بێخود، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی و لەسەر نووسینی محمدی مەلا کریم (دارالساعە) بەغدا،١٩٧٠.
٩-موفتی، پەری صالح حمید. عاصی ژیان و بەرهەمی، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە،٢٠٠٦ .
١٠-شنۆیی، محە مە د ئەمین بەلەدی، دیوانی ئەمین شنۆیی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، ئیران، ١٣٧٧ هەتاوی.
١١-نەقشبەندی(شێخ جەلالی شێخ جەمیل، دیوانی نووری، ئامادەکردنی و پێشەکی سەردار میران،(مطابع دار افاق عربیە) بەغدا،١٩٨٣.

١٢-نەقشبەندی، عابد سیراجەدین، ئاهووی ئیلاخان، (بەرگی یەکەمی دیوانی عابد سیراجەددین) ئامادەکردنی: ئەسعەد سیراجەدین نەقشبەندی، دەزگای ئاراس، هەولیر، ٢٠٠٤.
١٣-اجازة العلمية للملا عزيز كاك مصطفى الهيرانى، من قبل العلامة ملا محمد كويى، كويسنجاق،١٩٣٧.
١٤-مەلا مستەفام حەمەد، صافی هیرانی و دیوانەکەی، گ، کاروان، ژ٢١، حوزەیران١٩٨٤.
١٥-عبد جاسم کۆیی، چاوپێکەوتن، رۆژانی،١٩٩٢/٨/٣١ و ١٩٩٢/١٠/٤ .
١٦-مەلاسانی کاک علی صافی هیرانی، چاوپێکەوتن،ڕۆژی١٩٩٢/١٠/١٢.
١٧-سەید ئەنوەر بەرزنجی، چاوپێکەوتن: ١٩٩٢/١٠/٤.

**الملخص**

لشيخ العاشقين (صافي الهيراني) ثلاث قصائدة منظومة على نمط الرباعيات بوزن وقافية موحدتين، وكانت لها الأثر البارز فيما بعد في شعر شعراء كورد آخرين على وفق المنهج التأثيري التقابلي، والمتأثرون بها مباشرة هم (بيخود، أمين شنؤيي، عاصي كؤي، **پا**كي،و نوري)، أما الشاعران (الشيخ نوري وعابد سراج الدين) فقد أثرت فيهما القصائد بصورة غير مباشرة عوداً على تأثرهما بالشاعر (بيخود .(واللافت أن القصائد كلها بإيقاع الوزن نفسه، الا قصيدة (عابد سراج الدين) التي نظمت على مبدأ عدد فقرات الوزن المتنوع، كما أن جلها تتسم بحرف الروي نفسها، حتى أن قصيدة (بيخود) نفسها استمدت وزن قصائد شيخ العاشقين وقافيتها وحرف رويها.

ويلحظ المتتبع أن القصائد معظمها على نمط الرباعيات عدا قصيدة (الشيخ نوري) التي جاءت على نمط السداسية، فيما جاءت قصيدة (**پا**كي) منظومة على نمط الخماسية. والأميز بينها أن قصيدة (عابد سراج الدين) قد نظمت على نمط الشعر الكوردي الحديث.

# Abstract

Safi Hirani who is known as the sheikh of lovers has three poems in the form of quatrains ،all of them having the same post- rhyme and the same rhythm. These three poems put a remarkable effect on some Kurdish poets ، this paper tires to show this effect as a contrastive study .

Among the poets who were directly influenced by Saffi's quatrains poems are: Beykhud ،Hemin Shenweiy ،Asi Koyi ،Paki ،and Nouri ،in addition to Sheikh Nouri and Abed Siraj al-Din ،who were indirectly influenced by Hirani's quatrains through Beykhud's mimic poem .

It is worth noting that all the influenced pomes composed in the same meter rhyme ،except for the Abed Siraj El-Din's poem ،which was composed in syllabic meter rhythm and mixed rhyme schema ،but still having the same post-rhyme .

Beyikhud's poem has the same meter ،rhyme and post-rhyme as Safi's one. In general ،all the influenced poems are quatrains except Sheikh Nouri and Pakis' pomes which are sestet and cinquain respectively while Abed Siraj El-Din's poem composed with in the style of Kurdish modern poetry .